# گەلی کورد ...و بزاڤی

# مەشرووتەخوازی لە ئێران

# (١٩٠٥-١٩١١)ز

نووسینی :

یاسین سەردەشتی

## پێشکەشە بە :

- ئەوانەی لە سەر هەڵوێستی ئازادیخوازانەیان تا ئێستا لە زیندانە تاریکەکانی حکومەتە فاشی ڕەفتـــارەکان دا دەنـــــــــــــاڵێنن .
- هەر مرۆڤێکی ڕاستگۆو دەستپاك و دڵسۆز بە مرۆڤایەتی.

## سوپاس و پێزانین :

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو بۆ ئـەنجام دانـی کارەکـانی پێویـستی بـەهاریکاری و پاڵپـشتی کەسـانی تـر دەبێـت کـە پێویـستە ناویـان بهێنرێـت و ڕێزیـان لێبنرێـت ، هـەر بۆیـە بەئەرکی سەر شانمی دەزانم کە زۆر بەگەرمی سوپاس و پێزانینی خـۆم ئاڕاسـتەی مامۆسـتای بەڕێزم ( دکتۆر دلێر أسماعیل حەقی شاوەیس ) بکـەم کـە نـەك تـەنها بـەم کـارەدا چۆتەوەو پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی کردووە ، بەڵکو لـە بـەر ئـەوەش کـە ڕۆڵـی مـەزنی لـە ئاڕاسـتە کردنی هزری و ئەکادیمیانەی نوسەرەکەی دا دیتووە ، هەروەها نابێـت لـــــــێرەدا خوشـکی بەڕێزم (( ســــــەلار خـــــالد سەردەشتی )) لەبیر بکرێت کـە لایـەنی پیـت چـنین و چاپ و ئامادەکردنی هونەری بابەتەکـەی لـە ئەسـتۆ گـرت و وە هیـوای سـەرکەوتنی بـۆ دەخـوازم لـە کارەکانی دا ، لە کۆتایی دا سوپاس و پێزانینم بۆ هەر کەسێکی تر کـە ناڕاسـتەوخۆ ڕۆڵـی لـە ئـــەنجام دانـــی ئـــەم بەرهەمـــەدا دیبێـــت ، لەگـــەڵ ئومێـــدی تەندروســـتی و ســـەرکەوتن و شـــــــــــــادی بۆ هـــــــــــەمووان ...

**یـــاسین خـــالد ســـەردەشتی**

**١ ی ئـــــایاری ١٩٩٩**

## پێشکەشکردن :-

**دواکەوتووی بارودۆخی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی کوردسـتان و نـەبوونی قەوارەیـەکی سیاسی کوردی و درێژ خایەنی دەسەڵاتی داگیرکەران بەسەر کوردستان دا بۆتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی**

سەرەکی مێژووی کورد لە لایەن بێگانەوە بنوسرێتەوە کە بە داخەوە ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستییەکان بۆتە پیشەو ئامانجیان لە نوسینەوەی ئەو مێژووە تاکو تەرا نەبێت کە لێرەو لە وێ ڕاستیەکانیان پێ نەشاردراوەتەوە یان بە گیانی مرۆڤ پەروەری و وەفاداری بۆ خەڵکی کوردستان بە ویژدانەوە ڕووداوەکانیان بۆ گوازتوینەتەوە و مێژوویان بۆ تۆمار کردووین .

شەرەفنامەکەی شەرفخانی بەدلیسی کە زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ لە مەو بەر و بۆ یەکەم جار بیری لە تۆمار کردنی مێژووی میرو سەردارە کوردەکان کردۆتەوە ، لەو ڕێگایەوە نەیهێشتووە کورد بەتەواوی دەست سپی و پەککەوتوو مایە پوچ بمێنێتەوە ، پاش ئەویش مأمون بەگی کوڕی بێگە بەگ و مەلا مەحمودی بایەزیدی و مەستورەی کوردستانی .. کە زۆربەیان بە زمانی کوردی نەنوسراونەتەوە . دواتریش لە سەدەی بیستەم دا مامۆستای نەمر (أمین زەکی) کە ڕێچکە شکێنی نوسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان بووە بە زمانی دایك و پاش ئەویش نەوەیەکی نوێ لە خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی نیشتمان پەروەری کورد گرنگی یان بە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گرنگە داوە ، کە تاکو ئێستاش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە چەندایەتی و چلۆنایەتیەدا لە بواری تۆمار کردنی مێژووی کورد هاتۆتە ئاراوە ، بەڵام هێشتا زۆرمان ماوەو هەرچی لەو بوارەدا بخرێتە سەر لاپەڕەکان گرنگی و نرخی خۆی هەیە .

گۆڕانکاریە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی جیهان بەتایبەتی ئەوروپا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بە ئاشکرایی لە ڕووخساری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ڕەنگی دایەوە ، شۆرشی مەشرووتەخوازی لە ئێران دا ١٩٠٥ – ١٩١١ یەکێك بوو لە ئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکاریانەو ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە بۆ دەست نیشان کردنی داهاتووی ئێران و ناوچەکەشی کورد کە بەشێکی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران دا بووە ڕۆڵی خۆی دیووە لە ڕووداوەکانی ئەو شۆرشەداو ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە بەر دەستتان دا بە هەڵدانەوەیەکی لاپەڕەکانی ئەو بزوتنەوەیەو ئاشکرا کرنی هەندێك لە لایەنە داپۆشراو و شاراوەکانی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارانەو ڕۆڵی کورد لە بزاڤی مەشرووتەخوازیدایە . لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکی یەك ، دوو بەش ، دەر ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان . نووسەر لە سەر بنەمای ڕێبازی مێژویی . زانستی و پشت ئەستوور بە سەرچاوەیەکی هەمە چەشنەی دەوڵەمەند لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام داوە و سەرکەوتووانە توانیویەتی لە گەڵ ئەو سەرچاوانەدا مامەڵە بکات و گوڵبژێری ڕاستیەکان بکات . بۆیە دەست خۆشی لێ دەکەم ، ئومێدی سەرکەوتن و بەرهەمی زانستی زیاتری بۆ دەخوازم . دوابڕیاریش لای خوێنەری بەڕێزە ...

**دکتۆر دلێر أسماعیل حقی شاوەیس**
**زانکۆی صلاح الدین - هەولێر**
**٢٤ی گوڵانی ١٩٩٩**

## پێشەکی :

ئاشكرایە كە بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانی لە چوارچێوە كاتییەكەیدا واتە ساڵانی (١٩٠٥–١٩١١) ز بەگرنگترین و دەرەوشاوەترین و سەرنج ڕاكێشەرترین رووداو دادەنرێت لە مێژووی ئێرانی نوێ بەگشتیو لە مێژووی بزاڤی دیموكراتخوازی نیشتیمانی ئێرانی بەتایبەتی، خواستی ئەم بزاڤە جەماوەرییە كە هەڵقوڵاوی هیواو ئاواتی هەموو چین و توێژە ستەم دیدەو چەوساوەكانی گەلانی ئێران بوو خۆی لەدانانی سنورێك بۆ چەوسانەوە زوڵم و زۆری حكومەت و دەسەڵاتی رەهای شاكانی بنەماڵەی قاجاری و كاركردن بۆ ریفۆرمی بوارە جیاجیاكانی ئابووریو سیاسیو كۆمەڵایەتی دەبینیەوە، ئەمەو جگە پێكهێنانی حكومەتێكی نیشتیمانی كە لە ئاستی بەرپرسیاریدا بێت بەرامبەر چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی ناوخۆو گۆڕینی باری ئاڵۆزی وولات لە لایەك و وەستان بەرامبەر ووروژم و دەستێوەردانی وولاتە بیانیە سەرمایەدارەكان لە كاروباری ناوخۆو دەرەوەی ئێران لە لایەكی دیكەوە، هەر بۆیە بەشێكی گەورەی مێژوونووسان و نووسەران و سیاسەتمەدارانی ئێرانی و ئێران شناسانی بیانی بایەخێكی گرنگیان بەم بزاڤە داوەو لە چەند كتێب و لێكۆڵینەوەدا هەوڵی نمایشكردنی رووداوەكانی و چارەسەركردنی لایەنە جیاوازەكانیان داوە، كە بەرهەمی كەسانێك لەمانە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە چونكە هاوچەرخی رووداوەكان بوون و بەشدارییان تیادا كردوەو سەرنج و تێبینیەكانیان بەوردی خستۆتە بەرچاو.

لەگەڵ ئەو راستیەی سەرەوەش دا لایەنێكی زۆر گرنگ و شاراوە لە مێژووی بزاڤەكە دێتە پێش چاو كەتا نوكە وەك ئاگادارین تیشكی نەخراوەتە سەرو بەشێوەیەكی زانستی و ئەكادیمیانە هەوڵی چارەسەركردنی نەدراوە، بێگومانیشین لەو باوەرەی كەبێ روون كردنەوەی راستیە شاراوەكانی ئەم لایەنە نەخشاندنی وێنەیەكی تەواوی بزاڤی مەشرووتەخوازی كارێكی مەحاڵ و بێ هوودەیە، ئەم لایەنە شاراوەو گرنگەش بریتیە لە " رۆڵی كورد لە بزاڤەكەدا" ئەو رۆڵەی كە بەشداریەكی سادەو ساكار نەبووە زیاتر لەوەی ئامادەكردن و رەخساندنی زەمینەیەك بووە بۆ خوڵقاندنی دۆخێكی گونجاو بۆ سەرهەڵدان لە سەرانسەری ئێران لە لایەك و گەشەكردن و هەنگاونانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی كورد لە ئێران بۆ قۆناغێكی پێشكەوتووتر لە لایەكی ترەوە، ئەمەش تەواو جێی خۆیەتی كاتێ بزانین كە تەوژمی بەرگری و خەباتی بێووچانی گەلی كورد دژی حكومەتی ئێران و شاكانی قاجارو كاریگەرێتی لەسەر دۆخی ناوخۆو دەرەوەو ئێران بۆ ماوەیكی دوورتر لە ساڵانی بزاڤی مەشرووتەخوازی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەم راستیە چارەسەركردنی ئەم لایەنە شاراوەیە وبەدیار خستنی رۆڵی گەلی كورد لە بزاڤی مەشرووتەخوازیدا كە ئامانجی سەرەكی ئەم لێكۆڵینەوەیەیە كەلێنێك لە خودی مێژووی بزاڤەكە لەلایەك و لەمێژووی تێكۆشان وخەباتی رزگاریخوازی گەلی كورد لە ئێران لە لایەكی دیەوە پڕ دەكاتەوە.

شایەنی باسە هەروەك چۆن كاركردن لە بابەتێكی وادا بێ گرێو گۆڵ ئاسان نابێت بەو چەشنەش دڵنیاین بێ كەم و كورتی درك پێكردنی هەموو راستیە مێژووییەكان نابێت كە رەنگە بەشێكی هۆكارەكانی لە دەسەڵات و تواناماندا بەدەربێت هەروەك كەمی ئەو سەرچاوە مێژووییانەی كە لەسەر رووداوەكانی كوردوستان ئاخاوتوون لە ساڵانی بزاڤی مەشرووتەخوازیداو پشت گوێ خستنی رۆڵی كوردو ئاماژە بۆ نەكردنی لەلایەن مێژوونووسانی بزاڤەكە، لەبەر هەندێ ئامادەكردنی ئەم

بابەتە پێویستی بە موتالاّ کردن و گەڕانێکی زۆر وردە بەناو ئەو سەرچاوانەی کە لە گۆشەی لاپەڕەکانیان دا زانیاریو بەلگەی مێژوویی بەنرخ حەشار دراون، هەربۆیە بەڕاستی بێ پشت بەستن بەم سەرچاوە رەسەنانە مەحالّە ئەم بابەتە رووناکی دیبا.

# تێڕوانینێك لە رەوشی گشتی ئێران لەسایەی حوکمی شاهەکانی قاجاریدا

ئاشکرایە کە بنەماڵەی قاجاری لە ئێران دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر توانی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم دا دەسەلاّت بگرێتە دەست و حوکمی وولاّت بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەو چارەکە سەدەیەك (١٧٩٦- ١٩٢٥ز) خۆی وەك بنەماڵەیەکی شاهانە بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، هەرچەند سەرانی ئەم بنەماڵەیە وەك سەفەوویەکان بۆیان نەکرا رەچەڵەکی خۆیان بگێڕنەوە بۆ ئیمامە پیرۆزەکانی شیعەو ئالولبەیت و بانگەشەی رابەرایەتی رۆحی ئولی شیعەگەرێتی بکەن، لەگەلّ ئەوەش سوودیان لە هزری موڵکایەتی پیرۆزی رەها وەرگرت و بوونە میراتگری ئەم هزرە بەجۆرێك کە شاهەکانی قاجار خۆیان بە ((سایەی خودا لەسەر زەمین)) دادەناو هەر لە سەرەتای دەسەلاّت بەدەست هێنانیانەوە کەوتنە پیادە کردنی حوکمێکی تاك رەوی رەهاو بۆ پێکهێنانی دەسەلاّتێکی ناوەندی بەهێز کەوتنە کار[1].

بەم چەشنە گەلانی ئێران کەوتنە بن دەستی رژێمێك کە خۆی بە خودانی سەرو سامانی هاوولاّتیان دەزانیو بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی بنەماڵەو پیاوانی دەربار سلّی لەهیچ کارو رەفتارێك نەدەکردو بەوێنەی کۆلۆنیەك سەیری ئێرانی دەکرد، هەربۆیە سەرانی ئەم بنەماڵەیە ئەوەندەی بۆ رووتاندنەوەو تالاّنی وولاّت دەست بەکار بوون ئەوەند بەتەنگ بەڕێوەبردن و رێخستنی کاروبارەکانیەوە نەبوون[2]. شایەنی باسە گەلی کورد زیاتر لە گەلانی دی ئێران لەژێر زولّم و زۆرو حوکمی ئەم بنەماڵەیەدا ئەیان نالاّندو بەشێکی مەزنیان لە رەفتارە درێو و ناڕەواکانی شازادەکانی قاجار لە گرتن و کوشتن و راونان و ئەشکەنجەو راگوێزان وەبەرکەوتبو هەروەك لەم لاپەڕانەی دا دێت دەیخەینە بەر چاوو باسی لێوە دەکەین.

ئێران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست دا وولاّتێکی تا بلّێی بێ سەروبەر بوو لە ئەنجامی خراپی سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی کاربەدەستانی دەولّەت تووشی لاوازی حوکم، گەندەلّی ئیداری، ئاژاوەی سیاسیو لێك هەلّوەشاندن ببوو بەجۆرێك بەرەو هەرەس و داڕووخان دەچوو. دزیو بەرتیل خۆری دیاردەی باو و ئاشکرای بەڕێوەبردن بوو، شازادەکانی قاجار بە درێژیو پانی وولاّت دا بلاّوببوونەوەو تەنها و تەنها بیریان لە خۆدەولّەمەند کردن و گیرفان پڕ کردن دەکردەوە ئەویش لە رێگای کۆنترۆلّکردنی موڵکایەتی زەویو زاری خەلّکیو راووڕووتی هاوولاّتیانی بەدبەخت، ئەم شازادانە

لەرووی ڕەوشت و شێوازی بەڕێوەبردن و مامەڵەیان لەگەڵ خەڵك نموونەیەکی تەواوی بێکەڵکیو فەساد بوون، حکومەتیش لەلای خۆیەوە هەر خەریکی بەخشینەوەی نازناوی گەورەو قەبە بوو بەسەر شازادەکان دا ئەوانەی هەرگیز نە چاویان تێر دەبوو نە گیرفانیشیان پڕدەبوو، شایەنی ووتنە حکومەت ئەرکی بەڕێوەبردن و حوکمی هەرێمەکانی ووڵاتی دەخستە مەزادەوە، کێ پارەی زیادی پێشکەش کردبا دەبووە کاربەدەست و بەو پلەو پایەیە شاد دەبوو، بێ گومان ئەم شوێن و دەسەڵاتەش باشترین شێوازی چنگ کەوتنی سامان و زێڕو زیوو بوو چونکە هەربە گەیشتنی کاربەدەست و دەست بەکاربوونی ئیتر هەموو هەوڵ تێکۆشانێکی بۆ ورگ و گیرفان پڕکردن تەرخان دەکرد لەترسی ڕۆژێك کە بە لاوە دەنرێن و پلەوپایەکەیان دەدرێتە یەکێکی دی[٣]، لەم بگرەو بەردەیەش دا تەنها خەڵکانی ڕەش و رووت و زەحمەتکێش باجی ئەم فەسادە ئیدارییەیان دەداو دەبوونە قوربانی سەرەکی، خالفین لەم ڕووەوە دەربارەی کوردستان دەڵێت: ((ئەو فەرمانڕەوایانەی کە لە کوردستان دا دادەنران هیچ کارێکیان بۆ چاکردنی باری سەختی هاووڵاتیان نەدەکرد، هەموو هەوڵێکیان بەرتیلخۆریو سزادانی هەژاران و سەپاندنی باجی پشت شکێن بوو))[٤]، هەروەها شێخ ڕەئووفی ضیایی، لە یاداشتەکانی خۆیدا دەنووسێت: ((حاکم و فەرمانبەرانی ئێرانی لە ناوچەکانی کوردستان بە ئارەزووی خۆیان حوکمی خەڵکیان دەکردو دەسەڵاتێکی تەواو ڕەهاو بێ لێپرسینەوەیان هەبوو... خانەقاکەمان پەناگەی ئەو زوڵم لێ کراوانە بوو کە لە تاوی ستەمی فەرمانبەرانی ناوچەیی حکومەت دەهاتنە لامان و بە ناچاری بەست نشین ئەبوون تا لە جەوری دەسەڵاتداران ڕزگاریان بێت[٥])).

حکومەتی قاجاری گرنگیەکی ئەوتۆی بە بواری خزمەتگوزاری نەدەدا و هەنگاوێکی بۆ نەهاوێشتبوو، خانەی تەندروستیو فێرکردن، گواستنەوەو پرۆژەکانی ئاودێری بە تەواویپشت گوێ خرابوون، لە لایەنی تەندروستییەوە هیچ دەزگایەکی دەوڵەتی نەبوو ئەرکی ئەم لایەنە لە ئەستۆ بگرێت، نە نەخۆشخانەو نە بنکەیەکی فریا گوزاری، خۆ ئەگەر لە ناوچەیەك دا دەردێك بکەوتایەتەوە ئیتر هیچ کارێك بۆ بەگژاچوونەوەو قەلاچۆکردنی ئەو دەردە نەدەکرا، دوای ئەوەی گیانی هەزارەهای دەسەندەوەو گۆڕەوشاری دەکردن خۆی لەخۆیەوە وون دەبوو، جێگری کۆنسولی رووسی لە شاری (خوی) لە باکوری کوردستان دوای گەشتێك بە گوندە کوردییەکانی ناوچەکە سەرنجەکانی خۆی لەمەڕ خراپی ڕەوشی تەندروستیو پشت گوێ خستنی تەواوی ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن حکومەتی ئێرانیەوە نمایش دەکات و سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر ئەو هەموو کوردە نابینایانە نیشان داوە کە لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تەراخوماو سورێژەو کولێراو ئاوڵەو کوێر بوون[٦]، هەروەها جێگری کۆنسول دەری دەخات کە چۆن ڕێژەیەکی زۆر لە جووتیارانی کوردو حێزانەکانیان لە ئەنجامی دیاردەی (مارپێوەدان)ەوە گیانیان لەدەست دەدەن بێ ئەوەی هیچ کارو هەوڵێکی فریاگوزاریانە لەلایەن دەوڵەت و کاربەدەستانەوە بە مەبەستی کەم کردنەوەی ئەم دیاردەیە ئەنجام بدرێت[٧].

ئەم سیاسەتەی حکومەتی ئێران لە بایەخ پێ نەدان و پشت گوێ خستنی کوردستان گورزێکی مەزنی لە ئابووری لادێ وەشاند و ئاستەنگێکی گەورەی خستە بەردەم بە شێوەیەکی ئەوتۆ لاوازی کرد کە نەتوانێ بەپێی ئەو گۆڕانکاریانە هەنگاو بنێت کە لە ڕیالیستی ئابووریو کۆمەڵایەتی ناوچەکە

بەگشتیو ئێـران بـە تایبـەتی هاتبوونـەدی ئـەویش لـەپاش تێڕژانـی سـەرمایەو سـەرمایەدارانی بێگانـە ئەوروپاییەکان بۆ وولآت کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دا بە فراوانی دەبینرا.

هـەروەها حکومـەتی ئێـران هـیچ لایـەکی لـە چاکردنی ڕێگاوبـان و ئاسـان کردنـی پـرۆژەکـانی گواستنەوە نەدەکردەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئـەم پـرۆژانـە کـە لـە بـواری گەیانـدنی بـەروبوومی کـشتوکاڵی بـۆ بـازاڕو گواسـتنەوەی کـالآو دابەشـکردنی بەرهـەم دا هـەیان بـوو، خـالفین لـەم ڕووەوەو وێنەیەکی باشمان نیشان دەدات کـە دەڵێـت: ((هـەرێمی سـاوج بـولاق (سـابلاغ- مهابـاد/ توێـژەر) کـە لـە (٧٥٠) گوند پێـك هـاتووە نـاتوانێ بەرهەمـە کـشتوکاڵیەکانی لـە بـازاڕدا سـاغ بکاتـەوە بـەهۆی نالـەباری ڕێگاوبان، هەر بۆیە جووتیاران ناچارن کە بەرهەمـەکانی خۆیـان بـە پارەیـەکی وا بێـفـەڕ بفرۆشـن کـە قەرەبووی ماندوو بوونەکەشیان نەکاتەوە[٨])).

هـەرکاتێك باسـی ژیـانی لادێ دەکـەین لـە ئێـران دا یەکـسەر مەینـەتی جووتیـارانی ئێرانـی یەخەمان دەگرێت و لەگەڵ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ژیـانی تیـا بەسـەر دەبـەن ڕووبـەڕوو دەبینـەوە، جووتیـارانی ئێرانـی لـەژێر ئەشـکەنجەو چەوسـانەوەی سـەختی موڵکـدارەکانی زەویـو کاربەدەسـتانی دەوڵـەت و باجرگرەکـان دا ببـوون، بـۆ چارەڕەشـیو بەدبەختیـشیان هەنـدێ جـار لەسـەر دەسـتی خێڵـە کۆچەرەکانیش تووشی تالآن و بڕۆ دەهاتن، دەرهەق بە جووتیـارانی ئێرانـی (پـاولویچ) دەڵێـت: ((دوای توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی ڕژێمی موڵکایەتی زەوی کشتوکاڵیو باری ئابووری ئێران ئەتوانین بڵێین کە لە ئێران دا زەمینەی شۆڕشێکی جووتیاران لەبارە، ناتوانرێ بە هیچ جۆرێك بۆ ئەم مەبەستە پشت بـە هێـزی کرێکـارانی پیـشەسازی ببەسـترێت کـە لـە ڕووی چـەندایەتیو چۆنایەتیەوە لـە لاواز لاوازتـرن، قورسایی بـاج و سـەرانەو پڕکردنـەوەی گەنجینـەی دەوڵـەتی ئەکەوێتـە ئەسـتۆی جووتیـاران، لەگـەڵ ئەوەش دا جووتیاران تەنها لەژێر باری چەوسانەوەی موڵکدارەکان نانالێنن بەڵکو بوونەتە خانە خوێی چـینی بۆرجـوازی بازرگـانیو ئەریـستۆکراتی عەشـایریو فەرمانبـەرانی حکومـەتی بیرۆکراتـی، ئـەم جووتیـارە بەدبەختانـە تـەنها لـە ڕێـی شۆڕشـێکی کۆمەلآیەتیـەوە ئەگـەری ڕزگـاریو ئازادیـان لـە چەوسانەوەی بێ سنوور دێتە دی [٩])).

بارودۆخی جووتیارانی کوردستان لە جووتیارانی تری ئێرانی زۆر خراپتر بوو، ئـەمان ببوونـە قوربـانی سیاسـەتی چـەوتی حکومـەت و چـین و توێـژە مـشەخۆرەکانی ئێـران، جووتیـارانی کـورد لـە حاڵەتێکی وابەستەیی فیکریو ڕامیاری دا بوون، ژیانێکی کولەمەرگیان بەسەر دەبرد، بە سکێ تێرو بـە دە برسی بوون، لەژێر توندترین ئەشکەنجەو ئازارو چەوسانەوەدا ئـەیان نالآنـد، جگەرگۆشـەکانیان بـێ بـەرگ و پـێ خـاووس بـوون لـە سـەرماو سـۆڵەی زسـتان دا، زۆری بـاج و موڵکانـەو ناچـار کردنیـان بـۆ بەجێهێنانی هەموو ئەرکە دەرەبەگیەکانی سەریان ژیانی کردبوونە دۆزەخێکی بێ وێنە[١٠].

لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە چەندایەتیو چۆنایەتیەی بەسـەر سـتراکچەری کۆمـەڵگای کوردەواریـدا هـات لـە ڕووی ئـابووریو کۆمەلآیەتیـەوە وەك ئـەنجامێکی ئـەو وەرچـەرخاندنە سیاسـیو ئـابووریو کۆمەلآیەتیـەوە کـە لـە سـەر شـانۆی نێودەوڵـەتی هاتـە دی پـشتی گەیـشتنی سـەرمایەداری بـە قۆنـاغی ئیمپریالیزم، هیچ گۆڕانێکی ریشەیی لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و سەرخانی باوی کۆمەڵ لە شارو لادێ دا نەهاتـە دی[١١]، ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنان وەك پێـشوو بەسـادەییو سـاکاری مایـەوە، ماشـێن و

شێوازو تەکنیکی نوێ لە پرۆسەی چاندندا نەدەبینرا، زیاتر لەوەش گوندەکانی کوردستان ئامانجی هێرش و تالان و بڕۆی هێزەکانی ژەندرمەی قاجاری بوون، گەریدەی رووسی "دیتل" لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دانیشتوانی گوندەکان زراویان دەچێت کاتێك ئەم پۆلە کوللەیە (واتە ژەندرمە / توێژەر) سەریان دائەدەن، هەربۆیە چیان پێ هەڵبگیرێ لە کەل و پەلی تایبەت و گرنگی خۆیان دەست بەجێ دەیدەن بە کۆڵیانداو بەپەلە بە هەرچوار لادا تێی دەتەقێنن و بلاوەی لێ دەکەن، تەنانەت باغ و بێستان و دارو خانۆچکەکانیشیان لەم ژەندرمە دزانە بێ زیان نابێت و دەبنە قوربانی تالان و بڕۆیان[١٢])).

هەروەها حکومەتی ئێران چاوی خۆی لە ئاستی بواری فێرکردن و بنیاتنانی قوتابخانەو بلاوکردنەوەی رۆشنبیری خەواندبوو و هیچ لایەکی لێ نەدەکردەوە، بەلای حکومەتەوە ئەم جۆرە کارانە دەبوونە سەرچاوەی بلاوبوونەوەی هزرو بیری نوێ و هەڕەشەو مەترسی بۆ دەسەلات و دەربار دروست دەکرد، خۆ ئەگەر لێرەو لەوێ، تاك و تەرا قوتابخانەیەك بەرچاو کەوتبا ئەوە وابەستەی بێ سێو دووی مزگەوتەکان بوو لەژێر چاودێریو سانسۆری پیاوانی ئایین بەڕێوە دەچوو[١٣]، ئەگەر لەمەر رەوشی رۆشنبیری کوردستان لەو کاتەدا خواس و باس بکەین ئەوە جگە لە دیمەنێکی تراژیدی هیچی دیمان وەبەرچاو ناکەوێت، هەروەك (گاوان) دەبێژیت رێژەی نەزانیو نەخوێندەوای خەڵکی کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا لەناو پیاوان ٩٥٪ و لەناو ژنان بە رێژەی ١٠٠٪ بوو[١٤]، لاوزای هۆشی کۆمەلایەتیو رۆشنبیریو سیاسیو دیاردەی نەزانیو دواکەوتوویی رووخسارە سەرەکییەکانیئەو دەمەی کۆمەڵگای کوردەوای بوون.

ئەگەر بمانەوێت دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و رادەی سەروەری حکومەتی قاجار بەسەر ئاوو خاکی وولات دا بزانین تەنها کورتە سەرنجێك بۆ رووداوەکانی ئەو دەمە بەسە بۆ ئەوەی توێژەر ئاگاداری ئەو شپرزەییو بێ دەرەتانییە بێت کە ئێرانی تێوە گلابوو، ئێرانێك کە گیرۆدەی داوی لێپرسراوانی بوو، ئەو لێپرسراوانەی بەدەگمەن نەبێت بۆیان نەدەکرا هاوکێشە سیاسیو سەربازییە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکان بەڕاستی هەڵبسەنگێنن و لێکی بدەنەوە، بۆ زیاتر روون کردنەوە پێویستە بووترێت کە ئێران تەنها لە سەدەی نۆزدەهەم دا دوو جار لەگەڵ رووسیای تزاری لە شەڕی وێران کەردا تێوەگلاوە ئەویش لە ساڵەکانی (١٨٠٤-١٨١٣ز) و (١٨٢٦-١٨٢٨ز) هەروەها دوو جاریش لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا کەوتۆتە شەڕەوە لە (١٨٠٦ز) و (١٨٢١ز)دا، شایەنی باسە بەشی ئێران لە سەرجەم شەڕەکان دا دۆڕان و تێك شکاندن بووە[١٥]، ئەم شەڕانە جگە لە زەرەرو زیانی ماڵی و گیانیو لەدەسەت دانی چەند ناوچەیەکی فراوان و پێشێلکردنی سەروەریی ئێران چ چاکەو سوودێکی بۆ وولات نەهێنا، گومانیش لەوەدا ناکرێت کە رەنجەڕۆییو ماڵ وێرانی تەنها و تەنها بەشی گەلانی ئێرانی بوو لەپێش هەموویانەوە گەلی کورد کە بەهۆی گرنگی شوێنی سەربازیو ستراتیجی بۆتە پێشەنگی قوربانیو سووتەمەنی شەڕەکان و بەشێکی زۆری بوودجەی تەرخانکراوی ئەم شەڕانە لە گیرفانی رۆڵەکانی دەردەهێنرا[١٦].

وێرای ئەو زەرەرو زیانە مادیو مرۆییانەی کە لە ئەنجامی شکستە سەربازیەکان لە ئێران کەوت، حکومەتی قاجاری بە ناچاری ملکەچی زنجیرەیەك پەیمان و رێکەوتننامەی نابەرامبەرو

ئابرووبەرانە بوو کە هەڕەشەی راستنەقینەی لە سەرەوەریی وولات و ئاسایشی نـاوەوەو دەروەی دەکـرد وەك بەسـتنی هـەردوو پەیماننامـەی (گلـستان لـە ١٢ی تـشرینی یەکـەمی ١٨١٣ز ) و (ترکمانـچای لـە ٢٢ی شـوباتی ١٨٢٨) لەگـەڵ رووسـیای تزاریـو دوو پەیماننامـەی (ئـەرزرۆمی یەکـەم لـە ئـابی سـاڵی ١٨٢٣ز) و (ئەرزرۆمی دووەم لە ٣١ی ئایاری ١٨٤٧ )دا لەگەڵ ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی، ئەمانـەو جگـە لـە بەسـتنی پەیماننامـەی ئێـران- بـەریتانیا لـە سـاڵی (١٨٠١ز) و پەیماننامـەی ئێـران- فەرەنـسا کـە بـە پەیماننامـەی (فنکشتاین) ناسراوەو لە ٤ی ئەیاری ساڵی (١٨٠٧)دا گرێ درا، بەپێی ئەم پەیماننامەیە ئێران دەسـتی لـە بەشێکی مەزنی بەرژەوەندیەکانی هەڵگرت و دەروازەی وولات لەبەردەم نفووزو بەرژەوەنـدیـە سیاسیو ئابووریو دواتر سەربازیەکانی بێگانە ئۆروپاییەکان خستە سەر گازی پشت[١٧]، بەم شـێوەیە چاوشـۆڕیو لاوازی دەرباری ئێرانی بەرامبـەر بێگانـەو کۆمپانیـا مۆنۆپۆڵـەکانی وولاتـە سـەرمایەدارە بـەهێزەکان و ئامادە نەبوونی بەرەنگار بوونەوەی ئەو ململانێو هەڕەشانەی لـە دەرەوەو نـاوەوە بـەرەوو رووی وولات دەبووەوە، ئەمانە ئێرانی کردە ئاوایی بێ کەسـە، کونـسولخانە بـێ گانـەکان لـە ئێـران دا دەوڵـەت بـوون لەناو دەوڵەت دا، هەریەکەیان بە گەرمی کاری بۆ جێ پێ قایم کردنی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابووریو ستراتیجیو سەربازیەکانی خۆی دەکـرد، شـارە مەزنـەکانی کوردسـتان بـە تایبـەتی (ورمـێ و کرمانـشاە) جێنشینی ژمارەیەکی زۆری بنکـەو لقـی کۆنـسولخانە بیانیـەکان بـوون بـە تایبـەتی (رووسـیا، ئـەمریکا، بەریتانیا).

ئەمەش شتێکی سەیر نیە چونکە گرنگی شوێنی ئەم شارانەو پێکهاتـەی نەتـەوەییو ئـاینیو ئولییان تەواو هاریکار بوون بۆ بەدیهێنانی کارو ئامانجەکانی ئەم کۆنسلخانانە[١٩].

زۆر دەمێکە ووتراوە "کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە" هەربۆیە لە ئێران دا ئاشتیو هێمنیو ئاسایـشی ناوخۆ حەزو هیواو ئاوات بوو، گەنجینەی دەوڵەتی لە ئەنجامی خەرجی زۆرو زەوەندو بێ سـنوری شـاو شازادەکان و دەرباریيان چۆڵ و هۆڵ وەك بـەری دەسـت وابـوو، بـە شـێوەیەك ئیفلاسـی رووی کردبـووە حکومەت کە بێ پەنابردن بۆ یەکێك لە بازرگانە گەورەکانی تاران نەتوانێ خوانێك بۆ میوانەکانی ساز بکات و خەرجی میواندارىيان دابین بکات[٢٠]، ئەم ئیفلاسیەی حکوومەت هەلێکی لەبارو گونجاوی خـستە بەردەم بێ گانەکان، ئەوانی توانیان لەڕێی بەخشینی قەرزو بەرتیل بە دەرباریيان و پیاوانی دەسـەڵات چەندەها ئیمتیازی بازرگانیو ئابووری وەك بەکارهێنانی کان و رێگای ئاسـنین و بەنـدەرەکانی وولات و کۆنترۆڵ کردنـی پرۆسـەی نـاردن و هـاوردنی شمـەك و کـاڵای بازرگـانی بـۆ ئێـران مـسۆگەر بکـەن، ئـەم نەزمەش مەزنترین زیانی بە بازرگانی دەرەوەو ناوەوەی ئێران و توێژی بازرگـانی ئێرانـی گەیانـد، بـەم جۆرە هێشتا ئێـران ماڵئـاوایی لـە سـەدەی نـۆزدە نـەکردبوو ببـووە بـازاڕێکی نایـاب بـۆ سـاغ کردنـەوەی بەرهەم و کاڵای وولاتە ئۆرووپیـە سـەرمایەدارەکان و سەرچاوەیەکی بـاش بـۆ دابـین کردنـی کەرەسـەی خاو بۆ کارگەو فابریکەکانی ئـەو وولاتانـە، ئەمـە جگـە لـەوەی ئێـران ببـووە ناوەنـدێکی باشـی خـستنە گەڕی سەرمایەی بێگانە بێ ئەوەی بیرێك لە پیلانێك بۆ چۆنێتی رووبەرووبوونەوەی ئاکامە سلبیەکانی ئەم حاڵەتە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بکرێتەوە، بە واتا گشتیەکەی ئێران لە سـەرەتای سـەدەی بیـستەم دا ببووە وولاتێکی نیمچە کۆلۆنی وولاتە مەزنە سەرمایەدارەکان بە تایبەتی (رووسیا و بەریتانیا)، ئەو

دوو وولاتەی کە لە کێشەو ململانێیەکی سەخت و کەم هاوتادا بوون لە پێناوی پچڕینی بەشی شێر لە ئێران[٢١].

شایەنی باسە ئاکامی هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانە بەفیڕۆ چوون کە لە لایەن هەندێ لە کەسایەتیە ریفۆرمیستە ناودارەکانی حکومەت وەك (شازادە عەباس میرزا، میرزا موحەممەد تەقی خان کە ناسراوە بە "ئەمیر ئەلنیزام" و میرزا حەسن خانی موشیر ئەلدەولە)، بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان و هەرەسی هێواشی دەوڵەت ئەنجامیان دا، چونکە هەوڵ و تەقەلاکانیان ریشەیی‌و جیدی نەبوون[٢٢]، هەروەها ئاشکرایە کە ئەم هەولانە تووشی بەرەنگاریەکی سەختی نەیارانی بووەوە کە خۆی لە شاکانی قاجارو توێژە مشەخۆرو کەسایەتیە هەلپەرست و کۆنە پارێزەکانی هاوبەرژەوەندییان دەنواند، ئەوانە بە ئاشکراو بێ شاردنەوە رق و کینەی خۆیان بەرامبەر هەر هەولێکی ریفۆرمیستانە دەرئەبڕی‌و پیلان و ئاشوبیان بۆ ئەگێڕا، گۆڕان و نوێ خوازی‌و ریفۆرم بەرژەوەندی ئەمانەی دەخستە مەترسیەوەو هەڕەشەی راستەقینەی لێ دەکردن.

لێرەدا جێی خۆیەتی رەوشی توێژی پیشەگەرانی ئێرانی لە یاد نەکەین و روونی بکەینەوە، ئەو پیشەگەرانە ناچار بوون لە دوای پڕبوونەوەی بازاڕەکانی وولات بە ووروژمی شمەکی بێگانە و کالای وولاتە ئۆروپیەکان کە لە رووی نرخەوە هەرزانترو لە رووی کات و ئەرکی ئامادە کردنەوە کەمتری تێدەچوو، دەست لە پیشەو کارەکانیان بکێشنەوە، هەربۆیە بەرهەمی پیشەگەرە خۆماڵیەکان تووشی نووشستیەکی مەزن هات و نەیتوانی بە هیچ چەشنێك بچێتە مەیدانی ململانێ وە بەرامبەر کالای بێگانەو گۆڕەپانی بۆ چۆڵ کرد، ((بە راستی توێژی پیشەگەران کە لە رووی چەندایەتیەوە نزیکەی (٣) سێ ملیۆن و نیو دەبوو لە توانایدا هەبوو کاریگەری باش لەسەر رەوتی رووداوەکان بکات و نەخشی خۆی دیاری بکات[٢٣])).

هەروەها پێویستە لەکاتی ئاخاوتن لە رەوشی ئێران لەم قۆناغەدا ئاماژە بۆ دەرکەوتنی ناوکی توێژی رووناکبیرانی نوێ یاخود ئەنتەلەجنسیا (**Intelligentsia**)ی ئێرانی بکرێت، ئەم گرووپە لە ئاکامی پەیوەندی بەردەوامی ئێران بە جیهانی ئۆرووپی لە سەدەی نۆزدەهەم دا پەیدا ببوون، کە پێبەپێی فراوان بوونی پەیوەندییە بازرگانیەکان و مامەڵەو پەیوەندی بەستن لەگەڵ بازرگانە بیانیەکان دا زیاتر شارەزای ئەو رووداوانە دەبوون کە لە دەرەوەی ئێران دا رووی دابوون و دەقەومان[٢٤]، ئەمە جگە لە کردنەوەی کۆنسولخانەی ئێرانی لە زۆربەی وولاتە ئۆروپیەکان و ناردنی لاوانی ئێرانی بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وولات کە بووە بەهێز بوونی چەندایەتی ئەم توێژە کە پێکهێنەرانی سەر بە بنەچەی کۆمەلایەتی جیاواز بوون لەناو کۆمەڵگای ئێرانی‌داو خاوەنی رێزو شکۆی خۆیان بوون لە شارەکان داو رۆڵی باشیان لەسەر رووداوەکان هەبوو، توێژی رووناکبیرانی ئێرانی لەژێر کاریگەرێتی شارستانیەتی ئۆروپی‌دا بوون بە تایبەتی شێوازی دیموکراسی حوکم کردن و رژێمی سیاسی دەستوری کە بە تاکە چارەسەری گونجاو و پێویستی گۆڕینی ریالیزمی گەندەڵی وولاتیان دەزانی‌و بە تاکە هۆکاری دروست کردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و پێشکەوتوو و رزگار کردنی گەلانی ئێرانی لە زوڵم و ستەمی حکومەتی سەردەمیان دەهاتە پێش چاو، بەم چەشنە پیاوانی روناکبیرانی ئێرانی وەك (فەتح عەلی ئاخندوف، موحەممەد خان مەجد ئەلمەلك، یوسف موستەشار ئەلدەولە

ئەلتەبریزی، میرزا مالکم خان نازم ئەلدەولە، عبدولرەحمان تالبوف و جەمالەدینی ئەفغانی) و هتد[٢٥]، بوونە هەوێنی هزرو بیری گۆڕان و نوێخوازی، بوونە زەیتی مەشخەڵی بزاڤێك کە بە درەوشاوەترین رووداوی مێژووی نوێو هاوچەرخی ئێران دادەنرێت کە لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا بە (انقلاب مەشرووتە) دێتە ناسین.

هەروەها رۆژنامەگەری ئازادی ئێرانی لە دەرەوە رۆڵی گرنگ و لەبەرچاوی بینی لە هاندان و جووڵاندنی جەماوەری ئێرانی دژی رژێمی قاجاری ستەمگەرو داوای بەرگریو قوربانیدان و شۆڕشی لێ ئەکردن دژی حکومەت و کاربەدەستان، گرنگترینی ئەو چاپەمەنیانە رۆژنامەی (مەلا نەسرەدین) کە لە تفلیسی دەردەچوو، رۆژنامەی (ئیرشاد) لە باکۆو (حکمت) لە قاهیرە[٢٦]،بەڵام لە هەموویان گرنگتر رۆژنامەی (حەبلولمەتین) بوو کە لە ساڵی ١٨٩٣ لە کلکتە دەردەچوو، رۆڵی ئەم رۆژنامەیە لە بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانی دا دروست وەك رۆڵی رۆژنامەی (کەلکول)ی رووسی وابوو کە لە شۆڕشی ساڵی (١٩٠٥ز)ی رووسیادا هەیبوو[٢٧].

رووداوەکانی ناوچەکەو دەرەوەی ئێران هەروا بێ کاریگەرێتی لەسەر وواڵت تێنەپەڕین، بە تایبەتی ئەو رووداوانەی کە لە رووسیای تزاریدا قەومان، هەر لە تێکشاندنی ئابرووبەرانەی رووس بەرامبەر یابان لە ساڵی (١٩٠٥ز)داو دواتریش روودانی شۆڕشی دیموکراسی رووسیا لە هەمان ساڵ دا، ئەو شۆڕشەی بەپێی ووتەی لینین، بووە سەرچاوەی هوشیار بوونەوەو بێداری هەموو رۆژهەڵات و گیانی شۆڕگێڕێتی لە ناخی دانیشتووانی ئاسیادا جۆش دا[٢٨]، ئەوانەی لە خەوی جێماوی تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست دا خەمڵێبوون و ستەم و زوڵم وزۆری حکومەتە ئۆتۆکراتە دیسپۆتیزمەکانیان بێ هۆش و چەقبستووی کردبوون، ئەمانە لە خەوی درێژی خۆیان راپەڕین وە بە هیوای ژیانێکی نوێ کەوتنە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادیو دیموکراسیدا[٢٩]، کاریگەرێتی ئەم رووداوانە لەسەر ئێران بە زۆری لە رێی ئەو کرێکارە ئێرانیانەوە بوو کە بۆ کارکردن چووبوونە رووسیا کە ژمارەیان خۆی لە چارەکە ملیۆنێك دەدا، ئەمانە سوودیان لە هەلی مانەوەیان لە رووسیا وەرگت و ئاشنایەتیان لەگەڵ بیری شۆڕشگێڕیو بزاڤە شۆڕشگێڕەکانی سەر گۆڕەپانەکە پەیدا کرد، بگرە زۆربەیان بەشدارییان لە رووداوەکانیش دا کرد بە تایبەتی لە شۆڕشی ساڵی (١٩٠٥ز) لە رووسیا، دکتۆر (شەمزینی) لەبارەی ئاشنابوونی کوردەکانی ئێران بە شۆڕشی (١٩٠٥)و کاریگەرێتی لەسەریان نووسیوویەتی:

"لە راستیدا بزاڤیپێشکەوتووخوازانە لە نێو گەلی کورددا لەژێر کاریگەرێتی شۆڕشی (١٩٠٥)ی رووسیادا دەستی پێ کرد، (چیرکۆف) کۆنسوڵی گشتی رووسی لە شاری (خوی) لەم بارەیەوە دەڵێت:

لەکاتی سەردانی بازرگانە کوردەکان و رۆشنبیرانی کورد بۆ (نیزنی نۆفکۆرد)و ئامادەبوونیان لە نمایشگای بازاڕی ماکاربوف دا پەیوەندیان لەگەڵ دیموکراتخوازو سەربازە رووسەکان دا دەبەست، ئەوانیش لە گرنگترین رووداوەکانی شۆڕش ساڵی (١٩٠٥) ئاگاداریان دەکردن"[٣٠].

# شوێن و بەشداریکردنی گەلی کورد لە بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێران دا

یەکێك لە ئاکامە گرنگەکانی شەڕی چاڵدێرانی ساڵی (١٥١٤ز)دا بەشکردنی کوردستان بوو لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی سوننی سەرکەوتوو کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر مەزنترین بەشیدا (باکورو ناوەند)دا سەپاند، دەوڵەتی سەفەوی شیعەی دۆڕاو کە دەسەڵاتی بەسەر بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان دا مایەوە، ئەو بەشەی لەو کاتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فارس دا (ئێرانی ئێستا) لە قاڵب دراو دوای سەفەوویەکانیش کەوتە ژێر نفوزو دەسەڵاتی حکومەتە شاهەنشاهیە یەك لەدوا یەکەکانی ئێران و تا نوکەش دۆخی سیاسی خۆی نەگۆڕیوە. ئەو حکومەتانە هەموویان بێ جیاوازی سیاسەتێکی خوێناویو سەرکوتکەرانەیان گرتۆتە بەر بەمەبەستی مل پێ کەچ کردنی گەلی کورد لە ئێران دا، شایەنی باسە کوردیش هیچ کات دەستە ئەژنۆ دانەماوەو بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندا بووە بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو رزگاربوون لە ژێردەستەیی، هەربۆیە تا نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم شیاوە سەربەخۆیی نێوخۆیی خۆی بپارێزێ تاکو حکومەتی قاجاری لەڕێی هێزو پەلاماری سەربازیانە توانیکۆتایی بەم سەربەخۆییە بهێنێت و میرنشینە کوردیە خۆجێیە ئۆتۆنۆمەکانی وەك (موکریان، ئەردەڵان و لوڕستان)ی روخاندو لەناوی بردن[٣١].

بەم چەشنە حکومەتی قاجاری ئەم بەشەی کوردستانی بە دەسەڵاتی ناوەندەوە لە تاران گرێ داو کۆتایی بە حوکمی میرە کوردەکان و توێژاڵکی باڵای هەرەمی کۆمەڵگای کوردی لە کوردستان هێنا، حوکمی کوردستان کەوتە دەست "ئەو بیانیانەی بە فارسی دەئاخافن[٣٢]" هەروەك لە دەستنووسی "تاریخ خسرو محمد بنی اردلان" دا هاتووە کە دانراوی ئەو سەردەمەیە.

پرۆسەی بەستنەوەی کوردستان بە ناوەندەوە بە چەك و هێزی زۆردارانە ئەنجام درا، هەر بۆیە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بە تایبەتی هەورامان راپەڕینی مەزن و درێژخایەن دژی هەوڵ و مەبەستی حکومەتی قاجاریو وەك کاردانەوەیەك بەرپا بوو، ئەم راپەڕینانە تارانی ترساندو گەلێ گرفتی بۆ نایەوە، ناوچەکانی هەورامان بە ئاسانی مل کەچی ناوەند نەبوون، تەنانەت دوای ئەو هەموو هەوڵ و پیلانە جۆربەجۆرانەی (معتمد الدولە)ی قاجار بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامی دا، گەلێك لە ناوچەکانی هەورامان لە حاڵەتێکی نیمچە سەربەخۆییدا مانەوە، بێگومان سەختیو سروشتی چیایی ناوچەکەیان هۆکارێکی گرنگ و یارمەتیدەری ئەم دۆخە بوو[٣٣].

دوای چەسپاندنی حوکمی بیانی لە کوردستاندا، کاربەدەستانی حکومەت کەوتنە زوڵم و زۆرو تاڵانی راستەوخۆ لەڕێی دانانی باج و سەرانەی گران و ناچار کردنی دانیشتوان بۆ بێگارو دەست گرتن بەسەر سەروسامان و ماڵ و موڵکی خەڵکی بێ هیچ گوناه و لێ پرسینەوەیەك، سەپاندنی دەسەڵاتێکی بیانی خنکێنەر بەسەر گەلی کورددا هۆکاری هاتنەسەر شانۆی چەشنێکی تر لە چەوساندنەوە بوو سەرباری چەوسانەوەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئولی (مەزهەبی)، ئەویش مەسەلەی چەوسانەوەی گەلی کوردو داگیرکردنی وڵاتەکەیو بەکۆیلە کردنی رۆڵەکانیو زەوت کردنی مافە رەواکانیەتی لە لایەك و

مەسەلەی بەرگریو خەبات و تێکۆشانیەتی لە پێناوی بەدیهێنانی مافە دیموکراتیەکانیو سەرکەوتنی پرۆسەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان و یەکگرتنەوە لە لایەکی دیەوە.

ئاشکرایە گرنگترین شێواز کە پیادە دەکرا لەلایەن کاربەدەستە دەوڵەتیەکانی ئێران بە گشتیو قاجاریەکان بە تایبەتی بە ئامانجی سەرپێدانەواندنی عەشیرەتە کوردییەکان و گەورە پیاوانی کورد، ئەوانەی گرفتیان بۆ حکومەت و دەسەڵاتی ناوەندی دەنایەوە بریتی بوو لە (شەبەیخونی سەربازیو ترۆری سیاسی)، حکومەت ئەم شێوازەی بە پێوەرێك دادەنا هێزو تواناو کارامەیی کاربەدستان و بەڕێوەبەرانی ولایەتەکانی پێ دەپێواو لە ئەدەبیاتی حکومەتدا بەناوی (لطائف الحیل، کمندی تدبیر، تدبیرات صائبة، وسائل و رسائل) ناودەبرێت، هەر بۆیە بە کورتە سەرنجێك لە مێژووی حوکمڕانی بنەماڵەی قاجاریەکاندا یەکسەر ناوی ژمارەیەکی زۆرمان لە گەورە سەرۆکە کوردەکان دێتە بەرچاو کە بەم شێوازە لەناو براون بۆ نموونە:

(باپیر ئاغای مەنگوڕی، اسماعیل ئاغای گەورەی شکاك باپیری سمکۆ، حسن سوڵتان هەورامی، هەمزە ئاغای مەنگوڕی) هتد[٣٤]، دزێوی رەفتارو کردارەکانی حکومەتی داگیرکەری قاجاری دژی گەلی کورد لە ئێران بووە هۆی بڵاوبوونەوەی شەپۆلی توڕەییو ناڕەزایی هەموو چین و توێژەکانی جەماوەری کوردستان، ناڵەی زەحمەتکێشانی کورد چ لە شار یاخود لە لادێ لەدەست ئەشکەنجەی کاربەدەستان و دەرەبەگە بیانیەکان لە هەموویان مەزنترو بەئازارتر بوو، هەروەها زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد رق و کینەیەکی زۆریان لە حکومەت بوو چونکە ئەمانە لەلایەن دەوڵەتەوە هەمیشە بەچاوی پڕ لە گومانەوە تەماشا دەکران و بەرژەوەندییان لێ دەدرا، هەر بۆیە زۆر ئاساییە کە گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان بەشداری مەزنترین راپەڕینی نەتەوەیی بکەن کە لە ساڵی (١٨٨٠ز) دا بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری سەری هەڵدا، ئەم راپەڕینەی خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بزاڤی رزگاری نەتەوەیی گەلی کوردو تەوای ئاوات و ئامانجی جەماوەری کوردستانی لەخۆ گرتبوو کە بریتی بوو لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی یەکگرتوو بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی کوردی پێشکەوتوو[٣٥].

هەروەك کونسوڵی رووس لە تەبرێز روونی دەکاتەوە "توڕەییو بێزاری لەناو هەموو رێزەکانی کوردی ئێران دەبینرا، ئەوانەی لەلایەن حکومەت و کاربەدەستانەوە بە توندترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە، هەر بۆیە دژی حکومەتی ئێران هاتوونەتە مەیدان[٣٦] و وەك رزگار کەرێك تەماشای شێخیان دەکرد[٣٧].

حکومەتی قاجاری زۆر بە توندی ئەم راپەڕینە جەماورەیییەی سەرکوت کرد، هەروەك (مسعود میرزا)ی کوڕی ناسر الدین شای قاجار دەری دەخات لە ئەنجامی ئەو قەسابخانەیەی حکومەت بۆ راپەڕیوانی ساز کرد ژمارەی قوربانیانی کورد گەیشتە نزیکەی (١٠٠) هەزار کەس، هێندەی تریش لە ترسی تۆڵەی کاربەدەستان بەرەو چیا سەختەکان رایان کرد، هەر ئەو کات حکومەت زیاتر لە (٢٠٠٠) هەزار گوندی کوردستانی وێران کردو سووتاند[٣٨].

شایەنی باسە حکومەتی ئێران دوای سەرکوتکردنی راپەڕینی ساڵی (١٨٨٠ز) هیچ گۆڕانێکی ئیجابی لە سیاسەتی خۆیدا بەرامبەر کوردستان نەکرد، بگرە بە پێچەوانەوە توندوتیژیو چەوسانەوە زیاتر بوو بە تایبەتی لە رووی سەپاندنی باج و سەرانەی نوێترو گرانتر بەسەر دانیشتواندا، ئەم

سیاسەتە چەوتە لەنێوان ساڵەکانی (١٨٨٦-١٨٨٨ز) دا گەیشتە لوتکە، ئاکامەکەشی لە دایک بوونی راپەڕینێکی نوێ بوو لە کوردستان، ئەویش لەنێو رۆڵەکانی عەشیرەتی (دەشت)دا، ئەوانەی دژی رەفتاری نابەجێو توندو تیژەکانی حاکمی ورمێ (جیهان سوز میرزا) دەستیان دایە چەك و ریزەکانیان رێخست، بەجۆرێك توانیان سەرکەوتووانە بەرپەرچی هێرشەکانی دەوڵەت بدەنەوەو هێزە پەلاماردەرەکانی تێك و پێك بشکێنن، ئەم راپەڕیوانە کەوتنە توندکردنی هێرشەکانیان لەژێر سەرکردایەتی (بەدر بەگ و حەسۆ بەگ) کە دوو کوڕی (حەسەن بەگ)ی سەرۆکی پێشووی عەشیرەتی دەشت بوون، ئەو حەسەن بەگەی لەناو زیندانە تاریکەکانی ئێران دا گیانی لەدەست دا.

ڕاپەڕیوەکان توانیان بۆ چەند جارێ بنکەو بارەگای حاکمی گشتی ورمێ بخەنە مەترسیەوە لەوەش بترازێ کڵپەی ئەم راپەڕینە زۆر بە خێرایی گەیشتە دەڤەرو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان و بەزوویی تەنییەوە، خەڵکی شارۆچکەی سەردەشت ئاڵای راپەڕینیان بەرز کردەوەو بەرەو بارەگای حاکمی سابلاغ (سەیفەددین خان) بەرێکەوتن، داوایان کرد کە حاکمی سەردەشت (عزت الله خان) لەسەر کار لابدرێ، لەم کاتەدا هێزەکانیئێران ئەوەندە ئامادە و پەرداخت نەبوون تا حکومەت هیوای بە بەکارهێنان و سەرکەوتنیان هەبێت دژی راپەڕیوەکان، لەبەرئەوە حکومەتی ناسر الدین شا ناچار بوو بەشێکی گەورەی داواکاریەکانیان جێبەجێ بکات، هەر بۆیە (عزت الله خان) لە کارەکەی لابراو یەکێك لە سەرۆکە کوردە ناسراوەکانی ناوچەکە کە ( ئەحمەد موکری) بوو لەجێی دانرا، هەروەها حاکمی ورمێش لە کار دوور خرایەوەو لە جێگای یەکێك لە گەورە پیاوانی شار خرایە شوێنی[٣٩].

پەرەسەندنی رەوشی شۆڕشگێڕی لە ئێران لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا بە خێرایی لەسەر رووداوەکانی کوردستان رەنگی دایەوە، خراپیو ناهەمواری باری ئابووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری لەسایەی چەوسانەوەی هەمە لایەنەی نەتەوەییو ئولیو چینایەتیەوە بووە هاندەری گەلی کوردو هێزە نیشتیمان پەروەرەکان کە هەردەم ئامادەی بەشداریکردنی هەر بزاڤێکی نوێخوازو ریفۆرمیستانە بن کە بۆ لابردنی رژێمی قاجاری دواکەوتوو خەبات بکات و دژی دەسەڵاتی پاشایەتی ئۆتۆکرات بووەستێو کۆتایی بە زوڵم و چەوسانەوەی لە رادەبەدەر بهێنێت، بێ گومان ئەم ئامادەییو بەشداریکردنە راستەوخۆ کاری کردە سەر بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران و ئەو بزاڤەی بۆ دۆخێکی پێشکەوتووتر هەنگاو پێنا.

دوای ئەوەی حاکمی تاران (علاء الدولة) لە کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٠٥ز) دا هەستا بە سزادانی هەندێ لە بازرگانەکانی شار (سەید قەندیو یەکێکی تر) بە بیانووی بەرزکردنەوەی نرخی شەکر، کۆمەڵێك لە بازرگانان بە پاڵپشتی ژمارەیەك لە پیاوە ئاینییە ناسراوەکانی وەك (محمد طباطبائی و عبدالله بهبهانی) مانیان گرت و چوونە حاڵەتی (بەست نشینی)و داوای کۆمەڵێ چاکسازیان کرد، بەم شێوەیە دەنگی ریفۆرمخوازی زرنگەی هات، ئەم دەنگە زۆر بە خێرایی لەلایەن بازاڕی ئێرانیەوە پشتگیری لێ کراو بەهێز بوو، ئەمەو ئەنجوومەنە نهێنیەکانی دژ بە رژێم باشترین هەلیان بۆ دەست بەکاربوون و کەوتنەخۆ چنگ کەوت، بەم شێوەیە سەدای ریفۆرمخوازی پەرەی سەندو زوڵاڵتر بوو تا گۆڕا بۆ بزاڤێکی جەماوەری راستەقینەو کەوتە ململانێیەکی توندو جیدی لەگەڵ حکومەتی قاجاریو

هێزە لایەنگرەکانی لە کۆنەپارێزەکان کە ئاکامەکەی بەدەستکەوتی بەدیهێنانی دەستوورو بە رووکەش پێ بەستنەوەی رژێمی پاشایەتی تاك رەوی رەها کۆتایی هات[٤٠].

ئێمە لێرەدا نامانەوێ بە قووڵی لەسەر بزاڤی مەشرووتەخوازی بکۆڵینەوەو بە ووردی باسی رووداوەکانی بکەین، زیاتر لەوەی هەوڵەکەمان بۆ دیاریکردن و پیشان دانی رۆڵی گەلی کوردە لەو بزاڤەدا بە قازانجی بەرەی مەشرووتەخوازان، ئەمەش دروست کارکردنە بۆ بەرپەرچدانەوەی هزری هەندێ لەو نووسەرانەی کە پێیان وایە گەلی کورد هیچ رەنجێکی بۆ بەدیهێنانی دەستوور نەداوەو هەندێك لەوانە هەندێ جار زیادە رەویشیان لەم رووەوە کردووەو دەڵێن گەلی کورد لە ئێران زۆر نێگەتیڤانە روانیویەتیە ئەم بزاڤەو بگرە دژیشی وەستاوە. (مؤمنی) نموونەیەکی زەقی ئەو نووسەرانەیە کەوا لێکی دەداتەوە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی ئێرانی بزاڤێکی شاریەو لە بازاڕەکانی ئێرانەوە هەڵقوڵاوەو دەستی پێکردوو، بە واتایەکی تر دەڵێت ئەم بزاڤە بزاڤێکی بۆرجوازیانیەو رێبەرایەتیو بەشداریکردنی لەلایەن (رۆشنبیران و پیاوانی ئاین و بازرگانان و پشیەوەران و کرێکاران)ەوە بووە[٤١] لە کاتێك دا چینی بۆرجوا لە کوردستان دا لە دایك نەبووە، مؤمنی دەڵێت:

"ناوچە کوردیەکان سەرچاوەی ناردنە دەرەوەی کاڵاو شمەك و کەلوپەل نەبوون، تەنانەت پرۆسەی هاوردنیش لە ئارادا نەبووە چونکە خەڵکی کوردستان بۆ دابین کردنی پێویستیەکانیان پشتیان بە رژێمی خۆژێنی دەبەست، هەروەها لەبەر هەژارییان توانای کڕینی کەلوپەلی دەرەوەو بیانیان نەبووە، لەوەش زیاتر پرۆسەی ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانی کوردستان وەك (توتن، دانەوێڵە، مەڕوماڵات) لە بازاڕەکانی ئازربایجان و شارەکانی عێراق ئەنجام دەدرا، وێڕای دوری شارەکانی کوردستان لە سەرە ڕێگای بازرگانیو نەبوونی تۆڕێکی رێگاوبانی رێك و پێك کە هۆکاری گرنگی دواکەوتوویی چالاکی بازرگانیو لاوازی توێژی بۆرجوای بازرگانی بووە، خۆچالاکی پیشەسازی ئەوە هەر نەبووە، تەنها لەم بوارەدا ئەتوانرێ بەرهەمی دەستکردی وەك (قوماش، پێڵاو، قایش و دروستکردنی ئامرازەکانی کشتوکاڵی) باس بکرێت چونکە بە هیچ جۆرێ ناوی کارگەو فابریقەی نوێ لە ناوچە کوردییەکاندا لەناو ناوان نەبوون)[٤٢].

ناتوانین لەم رووەوە ئەم رایەی مؤمنی بێ ووردبوونەوە و لێکۆڵینەوە بەراست بزانین و قبوڵی بکەین، بە تایبەتی دوای گەشتێك بەناو ئەو سەرچاوە مێژووییانەی لەسەر بزاڤی مەشرووتەخوازی دواون ناڕاستی ئەم بۆچوونەی مؤمنیمان بۆ دەردەکەوێت ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیەوە ناتوانرێ نکوڵی لە رۆڵ و بەشداریکردنی گەلی کورد لە بزاڤی مەشرووتەخوازیدا بکرێت بە بیانوی نەبوونی چینی بۆرجوازی کوردی، لەبەرئەوەی لەم لێکدانەوەیە لە سەدا سەد زانستی نابێت بەتایبەتی ئەگەر سەرنجێك بخشێنین بەو کۆمەڵە گۆڕانکاریەی کە لە ئەنجامی بەستنەوەو تێکەڵاوبوونی ئابووری کوردستان بە ئابوری جیهانی سەرمایەداریەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە هاتووەتە دی، ئەویش دوای فراوان بوون و گەشە سەندنی پرۆسەی (ناردن و هاوردن)ی بازرگانی هەردوو دەوڵەتی قاجاریو عوسمانی.

نامانەوێو ناشتوانین ئەوە بسەلمێنین کە ئەم تێکەڵاوێو بەستنەوەیە بۆتـە هـۆی دەرکـەوتن و لەدایك بوونی هەردوو چینی بۆرجوای نیشتیمانی پێگەیـشتوو پرۆلیتاریـای پیـشە سازی کامـڵ لـە نـاو هــەناوی کۆمــەڵگای کوردەواریــداو روودانــی گــۆڕانی بنــەڕەتیو ڕیــشەیی لــە ژێــر خــانی ئــابووریو هەڵتەکاندنی بێچەندو چوونی پەیوەندییە کۆنە کۆمەڵایەتییـەکان، بـەڵام هەنـدێ راسـتی هەیـە لـەم بوارەدا ناتوانرێت چاوی لێبپۆشرێت ئەویش ئەوەیە کە پرۆسەی بەستنەوەو تێکەڵاو بوون بـووە هـۆی رووخانــدنی ئــابووری سروشــتی لادێــو حاڵــەتی خۆژێنیــو دەرکــەوتنی ئــابووری کــاڵایی بــازاڕی، پەیوەندییـەکانی مامەڵە بـە دراو، درز بردنـی ستراکچەری کۆمەڵایـەتی نـەك نیـشتەجێکانی گرتـەوە بەڵکو نیمچە کۆچەرەکانیش ئەوانەی ناچار بوون ئاکنجی بن وزۆربەیان ببنە پاڵەی کشتوکاڵی[٤٣].

وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و رێگرییەی بەردەم چالاکی بازرگانی لـە پێشەوە بـاس کـران. لـە کوردســتان دا چــەند ناوەنــدێکی گرنگــی بازرگــانی دەبینــرا کــە پرۆســەی ناردنــە دەرەوەی شمــەك وبەروبوومی ناوخۆییو هاوردنی کاڵای بیانی تیا ئەنجام دەدرا، بـۆ نموونـە شـاری کرمانـشاه چالاکترین ناوەند بوو لەو دەمەدا بە جۆرێك یـەکێکی وەك (گ. نـاپێر) کاتێـك پیایـدا تێدەپـەڕێت بـە (بەنـدەری کـاڵاو بەرهـەمی ئینگلیزیو هینـدی) نـاوی دەبـات، بـە گـوێرەی راپـۆرتی کۆنـسولی بـەریتانی لـە سـاڵی (١٩٠٣ز)دا ساڵانە لە شاری کرمانشادا لە نێوان (٢٠-٢٢) هەزار پارچە ریخۆڵە ساغ کراوەتەوە[٤٤]، هـەر لـەم بـوارەدا رۆڵـی شـاری سـابلاغ/ مهابـاد، لـە کرمانـشا کـەمتر نـەبوو، ئـەم شـارە ناوەنـدی سـەرەکی ناردنـە دەرەوەی (کەتیرە) بوو لە ناوچەکەدا، توێـژەری رووسـی (ف . ئـی . بلارمبێـك) لـەم رووەوە دەبێـژێت: بازرگانە ئەرمەنیو تەبرێزیو تفلیسییەکانی سەر بە ئێمە هەردەم بۆ کڕینی کەتیرە سـەردانی سابلاغ دەکـەن و لـە گـەڵ بازرگانــەکانی ئەوێـدا رێدەکـەون[٤٥]، سـابلاغ بــە پێـی قـسەی بلارمبێـك سـاڵانە (٣٢٠)هەزار کیلۆ کەتیرەی بەرهەم دەهێناو رەوانەی بازاڕەکانی دەرەوەی دەکرد، جگە لەوەی کـە سـاڵانە بایی (٦٣٦)هەزار رۆبڵ کونجیو پێستەو خوری رەوانەی رووسیا دەکرد[٤٦].

ئاشـکرایە شـاری (سـنە)ش رۆڵێکـی دیـارو لەبـەر چـاوی هـەبوو لـە بـواری ناردنـە دەرەوەی بەرهەمی کشتوکاڵیو ئـاژەڵیو پیـشەیی، هـەر وەك (کـرزن) ئامـاژەی بـۆ دەکـات ئـەم شـارە سـاڵانە بـایی (١٥٠)هەزار لیرەی تورکی عوسمانی لە بەرهەمی پێستە، قوماش، فەرش، حەریرو مەڕو مـاڵاتی رەوانـەی شاری بەغدا دەکرد[٤٧]، پێویستە ئەوەش باس بکرێت کە کۆمپانیای ئەڵەمانی دروست کردنی فـەرش لـە شـاری تـەورێزی پایتـەختی ئازەربایجـانی ئێرانـی کـە دواتـر بـووە گـەورەترین بنکـەو ناوەنـدی بزاڤـی مەشرووتەخوازی، بە ئامانجی بەردەوام بوونی بەرهەم تەواو پشتی بە خوری کوردستان دەبەست کە لە شاری (شنۆ)وە بۆی بار دەکرا[٤٨] . وێڕای ئەوەی ئەڵەمانەکان زۆر سەرقاڵی بەستنی پەیوەندی بازرگـانی بوون لە گەڵ بازرگانە کوردەکان لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیست دا، هەر وەك پێشتریش ئاماژەمـان بۆ کرد بازرگانەکانی کورد کە دەچوونە بازاڕەکانی رووسیا بە تایبەتی لە بازاڕی (ماکاریۆف) بـە باشـی ئەبینـران.

لـە لایـەکی تـرەوە لـە کاتێـك دا بـاس وخـواس لـە سـەر دواکـەوتنی ئـابووریو کۆمەڵایـەتیو نەگەیشتنی هۆشی سیاسیو رۆشنبیریو چینایەتی دەکەین نابێ تەنها باسـی کوردسـتان بـێ لـە ناوچـەو بەشەکانی تری ئێران بکرێت چونکە زۆربەی ئەو ناوچانە ئەگەر لە کوردستان دواکەوتووتر نـە بـووبن

ئەوا پێشکەوتووتر نەبوون، گەریدەی فەرەنسی بە ناوبانگ(ویلمۆردن) لە کاتێك دا لە ساڵی (١٨٥٥ز)دا دێتە ئێران دەبێژێت " ئێرانیەکان لە بێئاگاییەکی کەم هاوتاو چەق بەستوویەکی بێوێنە ژیان بەسەر دەبەن، کەس پەیوەندی بە سیاسەتەوە نیەو باسی لێوەناکات، ئەتوانرێ لە شارە مەزنەکاندا هەندێ رەخنەگران لە حکومەت وچەند کەسی لە وانەی لە بارو دۆخی وڵات ناڕازیو پەستن ببینرێتەوە، بەڵام ژمارەی ئەمانە ئەوەندە کەمن کە شایەنی باس کردن وگرنگی پێدان نین"[٤٩].

بەڵام ئەم بارودۆخەی ئێران هەروا تاسەر نەمایەوە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا گۆڕانێکی لەبەرچاوی بەسەردا هات و رووداوەکانی زۆر بەخێرایی تێدەپەڕین، لەم رووەوە پاولویچ دەڵێت: " ژیان لە ئێران هەروەك ووڵاتە دواکەوتووەکانی تری رۆژهەڵات دەبینرا، مانەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی عەشیرەتە کۆچەرەکان و نەبوونی رێگای ئاسنین و کارگەو پرۆلیتاریای پیشەسازی کە خودانی هۆشی چینایەتی بێت، بەڵام ئەم بارە دووری نەخایاند، دارمانی پەیوەندی ئابووری سروشتی لادێو پەیوەندیە باتریارکیەیکان، رووکردنە سەرمایەی بیانی بۆ ئێران و دەرکەوتنی پەیوەندی ئابووری نوێی بازاڕ، ئاکامی هەموو ئەو گۆڕانکاریانە ووشیاریو بێداری گەلانی ئێران بوو، بەچەشنێك لە خەونێکی درێژ خایەن راپەڕین و خوێنێکی گەش و نوێ بە شادەماری کۆمەڵگادا کەوتە گوزەر"[٥٠].

پێویستە بووترێت کە بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی – ئابووری ریشەیی نەبوو وەك باسی لێوە دەکرێت و دێتە بەرگوێمان، ئەم بزاڤە ئامانجی لابردنی چینێکی کۆمەڵایەتیو هاتنە سەرکاری چینێکی کۆمەڵایەتی تر نەبوو، هەروەك چۆن قەڵەمبازێکی مەزنی چۆنایەتیش نەبوو بەرەوپێش، لەم بارەیەوە (لمبتون) دەبێژێت:

"شۆڕشی مەشرووتەخوازی لە سەرەتادا بە زاراوەی (شۆڕش) نەدەناسرا، ئەوانەی بەم بزاڤە هەستان و رابەرایەتیان کرد پرۆگرامێکی سیاسیو ئایدۆلۆژی هاوبەشیان نەبوو بۆ گۆڕینی ریشەییو سەرتاسەری ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵ، ئەوانە ریفۆرمیست و ئازادیخواز بوون، داوای دادپەروەریو لەگۆڕنانی زۆرداریو چەوسانەوەیان دەکرد، ئەوانە تەنها ئەرکە ئاینیەکەی خۆیان لە (فەرمان بە کردنی چاکەو نەکردنی خراپە) بەجێ دەهێناو دژی زوڵم و زۆری قاجاری لە زیندان و سەپاندنی باج و سەرانەی پشت شکێن راپەڕین"[٥١].

لەم رووەوە (مەلا بەختیار) جوانی بۆچووە کە دەڵێت:

"١- تەنیا بنەمای ئابووریو پێوەندی هێزی بەرهەم هێنانی ئابووری بڕیاری لێبڕاوی دیاردە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان نادەن، بەڵکو کێشەی نەتەوایەتیو نیشتیمانی میللەتان، هەروەها خواستە دیموکراسیەکان زۆرجار دەبنە مایەی خەباتی شۆڕشگێڕانە،...

٢-کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتدا لە کێشەی میللەتانی بێ مافی دیموکراسی، رەگێکی مێژوویی قووڵتری ئەوتۆی هەیە کە هەرگیز لەناو قاڵبێکی ئابووری سەپێنراودا بە قووتا نابردرێ، بەڵکو هەتا ئەو رۆژەی نەتەوەی کورد دەگاتە مافی چارەی خۆنووسینی سەربەستانەی سەربەخۆیی نەتەوەو نیشتیمانەکەی کێشەکە هەمیشە کڵپە دەسەنێ ئەگەر چی جاروبار لەم یان لەو بەشی کوردستاندا راپەڕینەکانی سەرکووت بکرێن"[٥٢].

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەگەر بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانی بزاڤێکی جەماوەریی بووبێ کە واشە دژی زوڵم و چەوساندنەوەی‌و ستەمی حکومەتی قاجاری، زۆر جێی خۆیەتی‌و گونجاوە کە گەلی کورد لاپەڕەیەکی پرشنگدارو پڕ لە سەروەریی لە مێژوودا تۆمار کردبێ بە بەشداری کردنی لەم بزاڤەدا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش لەگەڵ گەلانی تری ئێران دا، ئەم بەشداریکردنەش بە هەر شێوەو شێوازێك بێت، سیاسی یاخود چەکداری، بە تاك یان بە کۆمەڵ، لە سەنگەری هێزە دیموکراتخوازەکان دا، چونکە وەك پێشتر خرایە بەرچاو گەلی کورد قوربانی بێ ئەملاولای سیاسەتی ناقۆڵای قاجاریەکان بوو و رۆڵەکانی لە چەند لاوە کەوتبوونە بەر شالاوی زوڵم و ستەم، لەوەش بترازێ گەلی کورد دژایەتی کردنی حکومەت و سەرکەوتنی مەشرووتەخوازی بە شێوازێکی خەبات دەدی بۆ داماڵینی پێوەندو تەوقی کۆیلایەتی‌و رزگار بوون لە دەسەڵاتی بێگانەی داگیرکەرو سەربەخۆیی نیشتمانی نەتەوەیی خۆی، یان هەر نەبێ بەدەست هێنانی سەربەخۆییەکی ناوخۆیی زیاترو سەندنی خودموختاری لە دەسەڵاتی ناوەندی[٥٣].

لە هاوینی ساڵی (١٩٠٥)دا بارودۆخی کوردستان شڵەقا بە تایبەتی لە ناوچەی موکریان و ناوچەکانی‌باکووری خۆرئاوا لە ئەنجامی تیرۆر کردنی یەکێك لە گەورە پیاوانی کورد کە ئەویش (جافەر ئاغای شوکاك) بوو، ئەم سەرداره کوردە کوڕی موحەممەد ئاغای سەرۆك عەشیرەتی شوکاك بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر رابەرایەتی جووتیار کوردە هەژارەکانی دەوروبەری ئورمیەی کرد دژی کاربەدەستان و بەکرێ گیراوەکانیان لە دەرەبەگە فارس و عەجەمەکان، جافەر ئاغا ماڵ و موڵکی ئەو دەوڵەمەندانەی زەوت دەکردو بەسەر جووتیارە هەژارەکان دا دابەشی دەکردن[٥٤]، هەر بۆیە بەرابەری هەژاران دەناسراو لەلای جووتیارانی زەحمەتکێش زۆر خۆشەویست و رێزدار بوو، هەروەها جافەر ئاغا سونبولی بەرگری‌و قارەمانێتی کوردەکانی ئێران بوو دژی زۆرداری‌و دەسەڵاتدارە بێ گانەکان، پەیوەندیەکی بەتینیشی لەگەڵ مەشرووتەخوازە ئێرانیەکان دا هەبوو. تیرۆر کردنی ئەم رابەرە جەربەزەیە وای لە عەشیرەتی شوکاك کرد دوژمنایەتیان لەگەڵ حکومەت و کاربەدەستانی دەوڵەتی لە ناوچەکە زیاتر بێت و هێرشەکانی توندتر بکات، هەروەها رۆڵەکانی شوکاك لە جاران چاونەترسانە تر کەوتنە پەلاماردانی بنکەو بارەگاکانی هێزەکانی حکومەتی ئێران[٥٥]، قاسملو لەم رووەوە دەڵێت: " لە ساڵی (١٩٠٥)دا عەشیرەتی شوکاك بۆ خودموختاری راپەڕین"[٥٦].

دوابەدوای بڵاوبوونەوەو تەنینەوەی خێرای بزاڤی مەشرووتەخوازی بە زۆربەی ناوچەو بەشەکانی ناوەندو باکوری ئێران دا، لە کوردستانیش خەباتی چەکداری لەلایەن مەشرووتەخوازەکانەوە دەستی پێ کرد دژی ئەو گروپە بەکرێ گیراوانەی لەلایەن شاو دەوڵەتەوە بۆ سەرکوت کردنی بزاڤەکە خرابوونە گەڕ، لەم ململانێیەدا زۆربەی عەشیرەتە کوردەکان لە سەنگەری مەشرووتەخوازان دا جەنگان[٥٧]، یەکێك لە دکۆمێنتەکانی ئەرشیفی سیاسەتی رووسیا کە بۆ ساڵی (١٩٠٧ز) دەگەڕێتەوە باس لە بەشداریکردنی (٣٠) هەزار جەنگاوەری کورد دەکات لە ناوچەی (خوی‌و ماکۆ) بە سەرکردایەتی رابەری کوردی مەشرووتەخواز (عزت الله خان) دژی دوژمنانی بزاڤەکە، هەروەها خەڵکی شارەکانی کوردستانی وەك (ورمێ، سابلاغ و سەڵماس) هاریکاریەکی مەزنی مەشرووتە خوازەکانیان کردوو لە بەرەی دیمەکراتیخوازەکان دا دەجەنگان[٥٨].

هەروەها لە شارو ناوچەکانی کوردستان دا وەك زۆربەی ئەو ناوچانەی ناوجەرگەی بزاڤی مەشرووتەخوازی بوون ئەنجوومەنی ئاشکرا (کۆمەڵەی هەرێمی بوون لە نوێنەرو کاندیدای گەل پێك دەهات) دامەزرێنرا، شەمزینی لەم رووەوە دەبێژێت: "کوردەکان بەڕاستی لە شۆڕشی ئێرانیدا لە ساڵەکانی (١٩٠٥-١٩١١ز) چالاکیان نواند، لەم ساڵانەدا لە هەموو شارەکانی کوردستانی ئێران دا کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان پێك هاتبوو ... ئەم کۆمیتانە زۆر دڵسۆزانەو لەخۆبووردوانە بەرگریان لە دەستکەوتە دیموکراتیەکان دەکرد کە شۆڕشی ئێرانی بەدەستی هێنابوو بەگشتی ئەم کۆمیتانە ببوونە قووتابخانەی فێرکاری سیاسەت بۆ هەموو رۆڵەکانی گەلی کورد"[٥٩].

گرنگترین کۆمیتەکانی کوردستان بریتی بوون لە کۆمیتەکانی شارەکانی سەقز، سنە، بۆکان و کۆمیتەی سابلاغی شۆڕشگێڕ کە لەلایەن یەکێك لە کەسایەتیە کوردە ناودارەکانی شارەوە شاعیری مەزن (قازی فەتاح) رێبەرایەتیدەکرا[٦٠]، هەروەها لە شاری کرمانشا (١٠) کۆمیتە هەبوون[٦١]، ئەتوانرێت ئەم کۆمیتانە بەیەکەم نموونەی راستەقینەی بەشداریکردنی جەماوەری شارەکانی کوردستان دابنرێت لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا کە ئەرکی سەرشانیان پاراستنی هێمنیو ئاسایش و بەڕێوەبردنی شارە ئازاد کراوەکان بوو لەگەڵ خەبات دژی دەسەڵاتدارانی حکومەتی قاجاریو گەرانەوەی کاربەدەستانی دەوڵەت، شایەنی باسە ئەنجوومەنی شاری سەقز کە پەیوەندی بە ئەنجوومەنی شاری تەبرێزەوە هەبوو هەر لەوێشەوە فرمان و رەهنمایی وەردەگرت، لەم رووەوە لە ئەنجوومەنەکانی شارەکانی تری کوردستان چالاك تربوو، ئەم ئەنجوومەنە لە بواری داواکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد لە ئێران و وەستان دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتی کەمتەرخەمی نەکرد[٦٢].

ئەتوانرێت بووترێت کە دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی ئێرانی بەڕێبەرایەتی (نەریمان نەریمانۆف) و چالاکیەکانی لە ئازەربایجانی ئێرانیو باکوری کوردستانی خۆرهەڵات و رۆڵی ئەم پارتە لە هاندانی جەماوەرو بەهێزکردنی ورەو گیانی شۆڕشگێڕییان دژی حکومەتی قاجاری کاریگەرێتی خۆی هەبوو لە ناوچەکەدا بە تایبەتی لەرێی ئەو بەیاننامانەی کە پارتی ناوبراو بڵاوی دەکردەوەو تیایدا لەسەر رووداوەکانی بزاڤی مەشرووتە خوازیو ئەو دەستکەوتانەی جەماوەری راپەڕیو بەدەستی هێنابوون دەئاخافت[٦٣].

بەپێی ووتەی لازاریف هەردوای سەرهەڵدانی بزاڤی مەشرووتەخوازی کۆمەڵێك لە سەرۆك و گەورە پیاوانی کورد لە کوردستان مەزبەتەیەکیان پێشکەشی شای ئێران کرد کە بە (دەستووری کوردی) ناونرا، بەڵام بێ هیچ وەڵامێك تێپەڕی[٦٤].

شەپۆلی بەشداریکردن و پاڵپشتی گەلی کورد لە بزاڤی مەشرووتە خوازی تەنها لە کوردستان دا قەتیس نەما، بەڵکو بۆ شارو ناوچەکانی تری ئێران سەرچاوەی گرت، بێ گومان هۆی ئەم سەرچاوە گرتنەش بۆ ئەو قورساییە سەربازییە دەگەڕێتەوە کە لەدەستی مەزنەکانی کورد سەرۆك عەشیرەتە چەکدارە گەورەکانی کورددا دەبینرا، هەر بۆیە ئەم بەشەی کۆمەڵگای کوردەواری رۆڵی لەبەرچاوو کاریگەری لە بزاڤی مەشرووتە خوازیدا گێڕا. لەم بارەیەوە لازاریف دەڵێت: "سەرۆك و مەزنەکانی کورد لە ئێران زیاتر لایەنگری بەریتانیا بوون، ئینگلیزەکان ئەو دەمە کە خەریکی بەشان و باڵا هەڵدانی ئێرانییە مەشرووتەخوازەکان بوون دەیان وویست سوود لە عەشیرەتەکانی کورد وەربگرن و

هانیان دەدان بۆ بەشداریکردن لە بزاڤی مەشرووتە خوازیدا ... ئەم سیاسەتەی ئینگلیز سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا لە ریزی عەشیرەتەکانی بەگزادە لە ناوچەی سابلاغ"[٦٥].

لەکاتێك دا باس لە خەبات و بەشداریکردنی عەشیرەتە کوردەکانی ئێران دەکرێت لە بزاڤی مەشرووتە خوازیدا ناکرێت بەهیچ جۆرێك رۆڵی مەزنی عەشیرەتی بەختیاری[٦٦] و کوردەکانی کەلهور لەبیر بکرێت، ئەم عەشیرەتە بە خۆهاوێشتنە سەنگەری مەشرووتەخوازییەوە سەنگی رووداوەکانی بە قازانجی بزاڤی دیموکراتخوازی ئێرانی گۆڕی، هەربۆیە پێویستە تیشك بخرێتە سەر قارەمانێتیو گیان فیداییان بە تایبەتی هەوڵی بێ ووچان و سەرکەوتوویان بۆ تێك و پێك دان و هەڵوەشانەوەی ئەو پیلانە مەزنەی کە لەلایەن شاو دەربارییان و بەرەی دژە مەشرووتە بە هاریکاریو رێبەری رووسیای تزاری کە کینەیەکی زۆری بەرامبەر بزاڤەکە هەبوو، تۆڕەکەی چنرابوو، پاولویچ دەربارەی تایبەتمەندیەکانی رۆڵەکانی ئەم عەشیرەتە دەبێژێت: "ئەوانە لە باوو باپیرە چیاییەکانیانەوە چەندەها تایبەتمەندی پۆزەتیڤیان بۆ ماوەتەوە، وەك ئازاییو چاونەترسیو خۆڕاگریو بەرزی ئاستی جەنگاوەرێتیان، لە لایەنی گیانیشەوە هێزیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو رەفتارە خراپ و رەوشت نزمیو بۆگەنییەی لەناو رەگەزە ئێرانیەکان دا دەبینرێت لەناو ئەمان دا نییەو کاری تێ نەکردوون، چونکە رۆڵەکانی بەختیاری نە ئەفیون و نەتریاك و نەهیچ ماددەیەکی بێ هۆشکەر بەکار ناهێنن"[٦٧].

ئەم توێژەرە زیاتر لەسەر ئاخافتنەکانی خۆی دواو دواتر دەڵێت: "ئاساییە کە هەر کەسێك بۆ یەکەمین جار ئەمانە ببینێت و چاوی پێیان بکەوێت ترس دای بگرێت، جامادانە درێژو شەرواڵە فشەکانیان دوو شتی سەرنج راکێشەرن"[٦٨].

شایەنی باسە عەشیرەتی بەختیاری لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزدا لە ئێران رێکەوتنامەیەکیان گرێ دابوو کە تیایدا پەیمانیان دابوو ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی بازرگانی ئینگلیزی لە ناوچەکەدا لە ئەستۆ بگرن کە ئەوسا خۆی لە (کۆمپانیای لینچ) دا دەبینیەوە، هەروەها بڕیاری ئەوەشیان دابوو هەڵسن بە دابین کردنی هێمنیو پاراستنی ئاسایشی شاڕێگەی بازرگانی نێوان (ئەهواز – ئەصفەهان) ئەو رێگە بازرگانیەی کە بە ناوچە چیاییەکانی ژێر دەسەڵات و قەڵەم رەوی عەشیرەتی بەختیاریدا تێ دەپەڕی[٦٩].

ئاشکرایە جێگیربوونی نفووزی رووسیای تزاری لە ئێران بە تایبەتی دوای بەستنی پەیماننامەی نێوان (رووسیا و بەریتانیا) لە ٣١ ئابی ١٩٠٧ز دا زۆر بە سلبی کاری کردە سەر پرۆسەی بازرگانی ئینگلیزی لە باشورو باشوری رۆژئاوای ئێران دا. ئەمەش زەبرێکی توندی سرەواندە بەرژەوەندیە ئابووریەکانی عەشیرەتی بەختیاریو بوارەکەی لێ تەسك کردەوەو باری ژیانی رۆڵەکانی خراپ کردوو زیاتر هاندەری چوونە کۆڕی خەبات و ململانێیان بوو دژی دەربارەی ئێرانیو دەسەڵاتداران ئەوانەی تەواو لەم قۆناغەدا چووبوونە باوەشی رووسیاو دەستەمۆ کرابوون، بێگومان ناشکرێت لە بواری تیژکردنی گیانی بەرهەڵستکارانەی رۆڵەکانی عەشیرەتی بەختیاری رۆڵی مەزنی سەرداری بەختیاری کە ناوی (حاجی قولی خان)ە و ناسراوە بە (سەردار ئەسعەد) لەبیر بکرێت، ئەم کەسایەتیە دروست لیبراڵ و دیموکراتخواز بوو، مرۆڤێکی رووناکبیرو نیشتمان پەروەر بوو، لە

سـەرەتای سـاڵەكانی مەشـرووتە خوازیـدا لـە ئۆرووپـا ژیـانی بەسـەر دەبـرد، دواتـر بـۆ خـەبات دژی زۆرداریو ستەم هەڵی بۆ رەخساو گەڕایەوە ئێران و لەسەر شمشێرەكەی دروشمـی (مـەرگ بـەر قاجـار / مردن بۆ قاجار)ی نەخش كردبوو[٧٠].

عەشیرەتی كوردی بەختیاری لە دەمێكی ناسكدا چووە كۆڕی خەباتـەوە، ئـەویش لـە كاتێـك دا شای ئێران (موحەممەد عـەلی شا) بڕیـاری لـە بـار بردنـی ڕەنـج ودەسـتكەوتەكانی خـەبات وتێكۆشـانی چەندین ساڵە مەشرووتە خوازانی دا لە (دەستورو ئەنجومەنی شووراو نوێنـەرانی گـەل)و بەمەبەسـتی گەڕاندنـەوەی دەسـەڵاتی بـێ سـنوورو تـاك ڕەوی حـوكمی شاهەنـشاهی هەسـتا بـە نـاردنی یەكەیـەكی سەربازی لە قەوزاقەكانی دەوڵەتی لە ژێر فەرماندەی سەرهەنگی روسی (لیاخۆف/Col-Liakhuf)لە حوزەیرانی (١٩٠٨ ز)دا بۆ سەر ئاپارتمانی پەرلەمان، ئەم هێزە بە بۆمبا باران كردنی سەختی پەرلەمان نوێنەرانی گەلی تارو مار كردو دواتریش دەرگای پەرلەمان زنجیر بەست كراو بڕیاری لێخستنی دەستور درا، لەو دەمەدا هێزێكی (٥٠٠٠)پێنج هەزار كەسـی لـە ڕۆڵـەكانی بـەختیاری بـە سـەركردایەتی سـەردار ئەسعەد بەرەو شاری(ئەسفەهان) بە ڕێ كەوتن و دوای نواندنی قارەمانێتیەكی كەم وێنە لـە ماوەیـەكی كورت دا شارەكەیان ئازاد كردو هێزەكـانی حكومـەتیان لێ دەركـرد، دواتـر بـەرەو پایتـەخت واتـە شـاری تاران كشان وسوارە جەرەزەكانی بەختیاری لە ١٦ی تەمووزی ١٩٠٩دا تارانیان رزگار كـردو شـای ئێرانیـان ڕاو دووناو ناچاریان كرد پەنا بەرێتە بەر كۆنسولخانەی روسـی لـە تـاران و دواتـر وڵات بـەدەریان كـرد، موحەممەد عەلی شا خۆی گەیاندە روسیاو هەر لەوێش بە ئومێدی گەڕانەوەی تەخت وتاجە لـە دەسـت چووەكەی سەری نایەوە[٧١].

هـەروەها عەشـیرەتە كوردەكـانی (گـەرووس)و ناوچـەكانی نێـوان (زنجـان وهەمـەدان وسـنە) چـالاكانە چـوونە بـەرەی مەشـرووتەخوازانەوەو دژی حكوومـەتی ئێرانـی دەسـتیان دایـە چـەك، ئـەم عەشیرەتانە چەندەها داستانی قارەمانێتیان تۆمار كرد بە تایبەتی لە كاتێك دا چوونە ژێر فەرمانـدەی تێكۆشـەری ئێرانـی مەشـرووتەخوازی بـە ناوبـانگ (یـەفرم خـان)و بڕیـاری سـەنگەر بەنـدییان دا بەمەبەسـتی پاراسـتنی شـاری (ئـەردەبیل)ی ئـازاد كـراو دژی هێزەكـانی حكوومـەت كـە بەمەبەسـتی تێكـشاندنی هێـزی جـەماوەری ڕاپـەڕیوو گەڕاندنـەوەی كـۆنترۆڵی حكوومـەت گـەمارۆی شـارەكەیان دابوو[٧٢].

شایەنی ووتنـە لـە ڕیزەكانی بزاڤی مەشـرووتەحوازی ئێرانیـدا چـەندەها كەسایەتی كوردی دەركەوتوون كە ڕۆڵی گرنگیان لە ڕێبەرایەتی ئەم بزاڤەو بەرگری كردن لە دەست كەوتەكانیـدا دیـوەو دڵسۆزی وخەباتی بێ ووچانیان بۆ سەركەوتنی نیشان داوە، لەوانە دوو كەسایەتی ناسـراوی كـورد (یـار موحەممەد خانی كرماشانی وحوسەین خانی كوردی) باشـترین نموونـەو بەڵگـەی لەبەرچـاون، ئـەم دوو تێكۆشەرە كوردە هەر لـە سـەرەتای دەسـت پـێ كردنـی ڕووداوەكانی بزاڤی مەشـرووتەخوازی لـە سـاڵی (١٩٠٥ز) بەشـدارییەكی چـالاكیان لـە بـەرەنگار بوونـەوەی هێزەكـانی دەوڵەتیـدا كـردوەو لـەم بوارەشـدا ئازایـەتی و قارەمـانێتی كـەم هاوتایـان نیـشان داوە، هـەر بۆیـە رۆژ لـە دوای رۆژی بـەردەوام بـوونی بزاڤەكەو بە هۆی بلیمـەتیو لێهاتووییـەوە ناوبـانگ و پلـەو پایـەی ئـەم دوو تێكۆشـەرە كـوردە لـە نـاو مەشرووتەخوازاندا بەرزتر دەبۆوە تا بوونە بەرچاوترین سەركردەی جەنگاوەری بزاڤەكە بە چەشنێك

لـه بـواری چـۆنیەتی پیلانـی جـەنگی و بەرەنگاربوونـەوەی هێـزە سـەربازیەکانی حکوومـەت دا بوونـە ڕاوێژکاری سەربازی پاڵەوانی میللی مەشـرووتەخواز (سـتار خـان) کەسـەرکردەی گشتیو سەرتاسـەری هێزە جەنگاوەرەکانی بزاڤی مەشرووتەخوازی بوو[٧٣].

(یـەکانی) کـە کەسـایەتیەکی مەشـرووتەخوازەو خـۆی ڕووداوەکـانی بەچـاوی خـۆی دیتـوەو بەشـداری تێـدا کـردووە باسـی بـە توانـایو کارامـەییو لێهـاتوویی هـزری سـەربازی یـار محمـد خـانی کرماشانیمان بۆ دەکات کە چۆن وەك ڕاویـژکارێکی سـەربازی ئامۆژگـاری سـتار خـانی کـردووەو پیلانـی بەرگریو چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی حکوومـەتی ئێرانـی نیـشان داوە، لـەم ڕووەوە ڕووداوی گـەمارۆی هیـزە ئێرانییـەکان بـۆ شـاری ئـەردەبێل بـە نموونـە دەهێنێتـەوەو دەڵێـت: "یـار محمـد خـان پێشنیاری کرد کە هێدی هێدی پاشەکشێ بکەین ... بەڕاستی ئەگەر بەو جۆرەمان نەکردایە هەموومان بەدەستی سەربازەکانی شاه لە ئەردەبێل تەفرو تونا ئەبووین"[٧٤].

لـەوەش گـرنگتر لـەو دەمـەدا کـە هێزەکـانی حکومـەتی ئێرانـی توانیبوویـان لـە زۆربـەی شـارو دەڤەرەکانی ئێران دا سەرکەوتن بەسەر مەشرووتەخوازەکاندا بە چنگ بهێنن و سەرکوتیان بکەن، یـار محمد خانی کرماشانیو هاوڕێیەکەی حوسێن خان ئاڵای مەشرووتەخوازییان لە کوردستان بـە تایبـەتی لـە شـاری کرمانـشان دا هـەڵکردو شـەکاندیانەوە، ئەمـەش لـە کۆتـایی سـاڵی (١٩١١)دا بـوو کـە هـەموو دیموکراتخـوازانی ئێرانـی چـاویان بڕیبـووە کوردسـتان و یـار محمـد خـانی قارەمـان، ئـەو قارەمانـەی ئامادەیی سەردانەواندنی نـەبوو بـۆ بـەرەی دژە مەشـرووتەو گیانیـشی لـەم پێنـاوەدا بەخـشی. ئەمـەش کاتێك ڕوویدا کە هێزەکانی حکومەت هەڵمەتیان بردە سەر شاری کرماشان بە مەبەستی کپ کردنەوەی ئەو تەنها دەنگەی کە لە ئێران دا مابووەوەو بانگەشەی بـۆ چەسـپاندنی حـوکمی دەسـتووری دەکـرد[٧٥]، بە کوشتنی ئەو دوو هاوڕێ مەشرووتەخوازە واتە یار محمد خان و حسێن خـان جارێکی دی لـە ئێـران شەپۆلی کۆنەپەرستیو تاك ڕەوی حوکم ژیایەوە، ئەم شەپۆلە بەتەواوی مەشرووتەخوازانی پەرتەوازەو تارو مار کردوو کۆنترۆڵی کاروباری دەسەڵاتیووڵاتی کردەوە.

وا دەردەکەوێت کە ڕووداوەکانی بزاڤی مەشـرووتەخوازی ئێرانـی بەتـەنیا کاریگـەرێتی لەسـەر کوردستانی ڕۆژهەڵات جێ نەهێشتبێت بەڵکو لەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش کاریگەرێتی هـەبوو بە تایبەتی لەلای ڕۆشنبیرانی کوردو ئەوانەی ئاگاداری ڕووداوەکان بوون، تەنها بەڵگـەش بـۆ سـەلماندنی ڕاسـتی ئـەم بۆچـوونە ووتـارێکی سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی ئێرانـی (کوهـستان)ە کـە تیایـدا دەڵێـت: شـاعیرێکی کـورد کـەناوی (تۆفیـق)ە و خـەڵکی شـاری سـلێمانیەیەو نازناویـشی (پیرەمێـردە) چ بـەناوی خۆیەوە یاخود بەناوی نهێنیەوە چەندەها شیعرو وتاری نایابی لەبارەی گیانفیدایی شانازی کـردن بـە مەشـرووتەخوازە ئێرانییەکانـەوە نووسـیوە، هەنـدێکیانی لـە ئەسـتەمبووڵ بڵاوکردوونەتـەوەو هەندێکیـشیانی نـاردووە بـۆ گۆڤـاری (فرهـەنگ)و (شـفق سـرخ) کـە دوو بڵاوکـراوەی سـەردەمی مەشرووتەخوازی بـوون و لـە تـەهرانی پایتـەخت دەردەچـوون[٧٦]، هـەروەها نووسـەر بەیتـە شـیعرێکی جوانی شاعیری ناوداری کورد (پیرەمێرد)مان وەك نموونەیەك بۆ دەهێنێتەوە کە ساڵی (١٩١١) بە بۆنەی بەرگری قارەمانانەی مەشرووتەخوازانی تەورێز دژی هێزەکـانی ئێـران ووتـراوەو هـەر ئـەو کاتـەش لـە گۆڤاری (شفق سرخ)دا بڵاوکراوەتەوە کە ئەمە دەقە فارسیەکەیەتی:

هر خنجری که بر تن تبریزیان زنند    تبریز جان ماست که بس بی آمان زنند(٧٧).

شایەنی باسە لەگەڵ ئەو هەموو زانیاریەو بەڵگە مێژووییانـەی خرانـە بەرچـاو دەربـارەی بەشـداری کردن و ڕۆڵی گەلی کورد لە بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانیدا جێی خۆیەتی بـاس لـە کۆمـەڵێك هۆکـاری ئاڵۆزی ناوخۆو دەرەکی بکرێت کە ئاستەنگیان لەبەردەم گەلی کورددا دروست کردووە تا ڕۆڵێکی مەزنتر و لەبەرچاوتر بگێڕێت لە بزاڤەکەدا، هەروەها ئەم هۆکارانەی کە دواتر دەیخەینە بەرچـاو کاریگـەرێتی خـۆی هـەبووە لەسـەر چـەندایەتیو چـۆنایەتی بەشـداری کردنەکـەو وای لـە قالـب دا کـە شـێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگرێت و بەیەك ئاست و شێواز لە هەموو شارو ناوچە کوردییەکاندا نەچێت بەڕێوە.

لە سەرەتادا سروشتی دواکەووتوویی کۆمەڵگای کوردەواری لەو دەمـەدا ئاسـتەنگێکی گـەورەبوو لەبەردەم بەشداریکردنێکی سەرتاسەریو ڕێخراو لە گشت ناوچەو شارەکانی کوردستان دا بـە چەشـنێك کە بەشداربووان داواکاریو دروشمی سیاسی ئاشکراو ڕوون بەرز بکەنەوە، ڕاستە لەو کاتەدا هەندێك لـە سـەرۆك و مـەزنانی کـورد داوای خودموختـاریو دەسـتێوەرنەدانی دەسـەڵاتداران و حکوومـەتیان لـە کاروباری ناوخۆی عەشیرەتەکان دەکرد، بەڵام ئەمە دیاردەیەکی نموونەیی نەبوو(٧٨).

هەروەها توێژی باڵادەستی کۆمەڵگای کوردەواری بە گشتی لە سەرۆك عەشیرەت و پیاوانی ئاین و شێخەکان و ئاغاکان پێك هـاتبوو هـەر ئـەمانیش ئاراسـتەی هـەموو چالاکیەکانی کوردیـان دەکـرد لـە ئێـران دا. تـەنها بەشـێکی زۆر کـەمی ئەمانـە ئـەو ڕاسـتیەیان لـەلا گەڵاڵـە ببـوو کـە مـەرجی سـەرەکی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێران دا چەسپاندن و سەرکەوتنی تـەواوی ڕژێمـی مەشرووتەخوازیەو بە ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی دێتە دی هەر بۆیە ئەمانیش وەك زۆربەی زۆری سـەرۆك عەشـیرەت و پیـاوە ئاینییـە ئێرانیـەکان هەڵوێـستێکی ڕاسـت و چەسـپاو و نـەگۆڕیان نـەبووە بەرامبەر پاڵپشتیو لایەنگری بزاڤی مەشرووتەخوازیو هاندان بۆ تیـادا بەشـدرایکردنی، نموونـەش بـۆ ئەمە هەڵوێستی (معتمد الوزیری و اصف الدیوان)و کۆمەڵێکی تربوون لە گەورە پیاوانی کورد(٧٩)، کـە لـە سـەرەتادا پـشتگیریو هاوکـاری تـەواوی مەشـرووتەخوازانیان کـردو دواتـر لێیـان هەڵگەڕانـەوەو بوونـە دوژمنی سەرسـەختی بزاڤەکـە، لـەوەش بـترازێ هەنـدێك لـە شـێخ و پیـاوە ئاینییـەکانی کـورد هـەر لـە سەرەتاوە بەتووندی دژایەتی بزاڤەکەیان کردووەو لـە سـەنگەری دوژمنانیدا جـەنگاون بـەو بیـانووەی گوایە مەشرووتەخوازان کافرو بێ باوەڕن، شێخ ڕەئـوفی ضـیایی لـە یاداشـتەکانیدا بـەم جـۆرە بـاس لـە هەڵوێستی دژە مەشرووتەی شێخێکی ناوداری کورد کە (شیَخ علاءالدین النقشبندي)یـە دەکـات و دەڵێـت: "من هۆکاری ڕاستەقینەی هەڵوێستی ئەم زاتە نازانم، بـەڵام ڕژێمـی سـەڵتەنەت و شاهەنـشاهی هـەر لـە کۆنەوە پیادە کراو بوو، لەمەش زیاتر پڕوپاگەندەیەکی زۆر لەسەر مەشرووتەخوازان هەبوو کە ئەمانە بیری بێ باوەڕیو دژایەتی کردنی ئیسلامیان هەیەو دەستورو فرمانەکانیشیان لە کافرانەوە وەردەگرن، هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو بەشێکی مەزنی ڕۆحانییەکان لـە مەشـرووتەخوازان بـەگومان بـوون و ڕقیـان لێیـان بـوو، لەوانەیـە حـەزرەتی شـێخ عەلائـەدین لـەو کەسـانە بێـت هـەروەك زۆربـەی زانایـانی ئـاینی ئێران(٨٠).

ئێمـە لـە نمایـشکردنی ئـەم نموونانـە تـەنها ئامانجمـان بەدیارخـستنی سروشـتی کۆمـەڵگای کوردەوارییە کە نەیتوانیوە زەمینـەی بـزاڤ و کـارێکی سیاسـی گـەورە بخوڵقێنێت، لـە هـەمووی گـرنگتر

ئەوەیە کە ئەم ڕیالیستە تاڵە تەنها کوردستانی نەگرتۆتەوە بەڵکو سەرانسەری ئێران بە دەستییەوە دەینالاند، هەربۆیە ئاسایی دێتە بەرچاو کە لەدوای دەرکەوتنی بزاڤی مەشرووتەخوازیو تەنینەوەی ناکۆکیو دووبەرەکی کەوتە ناو ریزەکانیانەوە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو جیاوازییەی کە لە بۆچوون و بەرژەوەندییە تایبەتیو چینایەتی بەشداربووانی بزاڤەکە لە رۆشنبیران و پیاوانی ئاین و بۆرجوازی لادێدا هەبوو، شایەنی باسە هەر لەکاتی ووتوووێژکردن لەسەر دانانی دەستورو چۆنییەتی دامەزراندنی حکومەتی دەستووریو پیادە کردنی ژیانی پەرلەمانی، پیاوانی ئایین زۆر بە توندی پێشنیارەکانی رۆشنبیرانیان رەت کردەوەو بە بیانووی رادیکالیان و نەگونجاندنیان لەگەڵ ناوەڕۆك و پرنسیپەکانی ئاینی ئیسلام[٨١]. هەر بەم بیانووە زۆر بە خێرایی پشتیان کردە بزاڤەکەو خۆیان خستە باوەشی بەرەی ئۆتۆکراتیو دژە مەشرووتەوە، بەم شێوەیە دیاردەی لادان و پەرت بوون دیاردەیەکی گشتیو سیمایەکی سەرانسەری بوو لە بزاڤە دیموکراتخوازەکەی ئێران دا. ئەمە لە لایەك.

لە لایەکی ترەوە پێویستە هەڵوێستی مەشرووتەخوازە ئێرانییەکان و رابەرانیان لەمەر داواکارییە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بزانین، چونکە بێ گومان پۆزەتیف بوون یان نێگەتیف بوونی ئەم هەڵوێستە کاریگەرێتیو رەنگدانەوەی خۆی دەبێت لەسەر ئاست و قەبارەی بەشداریکردنی گەلی کوردو هیواو ئومێدی رۆڵەکانی بە دروشم و دەستکەوتەکانی بزاڤەکە، لەم رووەوە لازاریف دەڵێت: "لە ساڵەکانی ١٩٠٨-١٩٠٩دا بزاڤی شۆڕشگێڕی لە ئێران بە گەرمی پەرەی سەندو سەر هەڵدانێکی جەماوەری بەرفرە دژی کۆنەپەرستی لە ئێران دەستی پێکرد، بەشداریکردنی گەلی کورد بە رادەیەکی وا مەزن نەبوو لەم قۆناغەی خەباتی دژی کەمپی کۆنەپەرستی لە ئێران، لەبەر ئەوەی مەشرووتەخوازە شۆڕشگێڕەکان هیچ کارێکیان بە قازانجی جەماوەری کوردستان ئەنجام نەداو هیچ دەستکەوتێکیشیان پێشکەش نەکردن[٨٢].

لە راستیدا دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەن و بڕیاردان لەسەر دەستوور، یاسایەك دانرا بەناوی (ئەنجوومەنی ئەیالات و ولایات)و کرا بە بەشێك لە یاسای بنەڕەتی، بەپێی ئەم یاسایە ئێران بۆ چوار ئەیالەت دابەشکرا ئەویش (ئازەربایجان، خۆراسان، فارس و کرمان) بوو، هەریەك لەم ئەیالەتانە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی خۆی هەبوو نوێنەریشیان لە پایتەخت واتە لە پەرلەمان دا هەبوو، سەرکردەو رابەرانی بزاڤی مەشرووتەخوازی لەم کاتەدا هیچ پرۆگرام و پیلانێکیان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوە نەفارسەکانی وولات بەدەستەوە نەبوو، هەروەك چۆن هیچ چارەیەکیان بۆ کۆتایی پێهێنانی گرفتی چەوساندنەوەی ئاینیو مەزهەبی لە ئێران دا پێ نەبوو، بەم شێوەیە ئەتوانین بڵێین هەرچەندە بزاڤی مەشرووتەخوازی بە گشتی هەندێك دەستکەوتی دیموکراتیانەی بۆ گەلانی ئێران هێنایە دی، بەڵام نەشیا کۆتایی بە کێشەی نەتەوەییو چەوساندنەوەی مەزهەبی گەلی کورد بهێنێت و کار بۆ لابردنی ئەو زوڵم و ستەمە بێ سنوورەی لە سەرێتی بکات[٨٣]، لەبەرئەوە سەیر نییە بەلامانەوە کە ئەم چەند دێڕە لە یاداشتەکانی شێخ رەئوف بێتە بەرچاومان کە رەشبینیەکی تەواو بەرامبەر بە گۆڕینی ڕیالیستە گەندەڵەکەی ئێران لەلایەن مەشرووتەخوازانەوە دەخاتە روو ئەویش "دامەزراندنی عەدالەتخانەو بەدیهێنانی دەستوور هیچی لە بارودۆخەکە نەگۆڕی چونکە پیاوانی دوێنێ کە سەرکار بوون خۆیان هاوێشتەوە مەیدان و کاریان گرتەوە دەست و لە جاران زیاتر پلەو پایەیان بەرزتر بووەو،

دەوڵەمەندەکان یاسایان بۆ بەدیهێنان و چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانیان بەکار دەهێنا، هەژارو دەست کورتەکانیش بەشیان هەر شەق و زیندان و تێهەڵدان بوو، هەروەك دەڵێن نەفسی تاس و نەفسی حەمام"[٨٤].

پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکرێت کە لە ساڵەکانی بزاڤی مەشرووتەخوازیدا بەشێکی مەزنی کوردستانی رۆژهەڵات بە تایبەتی ناوچەی ورمێو موکریان تووشی هێرش و پەلاماری داگیرکەرانەی سوپای عوسمانی هات، ئەم پرۆسە فراوانخوازییەی تورکەکان لە ساڵی ١٩٠٦ ەوە دەستی پێکرد کاتێك هێزە عوسمانیەکان پەلاماری (سابلاغ، بانە، بۆکان، سەردەشت و دەشتی ورمێ)یان داو داگیریان کرد بە بیانوی مافی خاوەنێتی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر ئەو زەوییانەدا بەپێی ماددەی ژمارە (٢،٣) لە پەیماننامەی ئەرزرۆمی دووەم کە لە ساڵی ١٨٤٧ دا لەنێوان هەردوو دەوڵەت دا مۆرکراوە[٨٥]، حکومەتی عوسمانی پەنای بۆ هەموو رێگایەك برد تا نفوزو دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە داگیرکراوەکاندا بسەپێنێت و پارێزگاری لە مانەوەی هێزەکانی بکات، ئەویش هەر بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگندەی چەواشەکەرو لێدان لەسەر تەلی مەزهەبیو خۆنزیك کردنەوە لە سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردو کارکردن بۆ بەدەست هێنانی لایەنگریو پشتگیریان، هەتا بەکارهێنانی زەبرو زۆرو ناردنی هێرشی تەمبێ کەرانەو نواندنی رەفتاری تۆقێنەرانەو بڵاوکردنەوەی ترس و لەرز لەنێو دانیشتواندا، بە تایبەتی دانیشتوانی شار ئەوانەی کەسیان نەبوو بیانپارێزن و خۆشیان نەدەشیان بەرگری لەخۆ بکەن[٨٦].

ئەم بارودۆخە زۆر نێگەتیڤانە کاری کردە سەر مەسەلەی بەشداریکردنی گەلی کورد لە بەرەی مەشرووتەخوازانداو ئاستەنگی لەبەردەم خەبات دژی دەسەڵاتی شاهەنشاهی قاجاری دروست کرد، ئەو نامەیەی کە گەورە پیاوانی کورد لە ساڵی ١٩٠٩ دا رەوانەی دەزگا بەرپرسەکانی رووسیای تزارییان کردبوو بە ئاشکرا ئەم راستیەی تێدا دەردەکەوێت کە دەڵێت: ((ئاشکرایە بەشێکی گەورەی گەلی کورد ئامادەن دژی زوڵم و چەوسانەوەی حکومەتی ئێرانی بووەستن و بێ گومانیشن لەبەدی هێنانی رزگاریو سەرکەوتن چونکە تامەزرۆی ئازادین، بەڵام کشانەوەیان لە کۆڕی خەبات و دەست بەرداربوونیان لە تێکۆشان لە ناچاریدا بوو ئەویش بەهۆی هەڕەشەو هێرشی داگیرکاری عوسمانییەکان))[٨٧].

بێ گومان لە کاتێکدا باسی کوردستان دەکرێت لە ساڵەکانی بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانیدا، ناکرێت بەهیچ جۆرێك ئاوڕ لە جموجوڵەکانی شازادە (عبد الفتاح سالار الدولـه)و هەڵوێستی هەندێك لە عەشیرەتەکانی کورد بەرامبەری نەدرێتەوە، شازادە دوای لێ زەوت کردنی مافی بوونە (شاه)و دەرپەڕاندنی بۆ دەوڵەتی عوسمانیو بەناچاری مانەوەی چەند ساڵەی لەوێ وەك پەناهەندەیەك ویستی سوود لەو بۆشاییە سیاسیو سەربازیە وەربگرێت کە لە ئەنجامی رووداوەکانی بزاڤی مەشرووتەخوازیەوە لە ناوچەکەدا دروست ببوو تا گەڕاندنەوەی تەخت و تاجە زەوت کراوەکەی مسۆگەر بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دوای تەقینەوەی دۆخەکە کە لە سنووری عوسمانیەوە خۆی ئاودیوی کوردستانی رۆژهەڵات کردو هەندێك لە عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکەی لە خۆی کۆکردەوە، شازادە گفت و بەڵێنێکی زۆری دا بەم عەشیرەتانەو بڕیاری دا کە لە باج و سەرانەی دەوڵەتی بیان بەخشێت بە تایبەتی باجی (خوێ) کە تەواو شانی دانیشتوانی گران کردبوو و ناڕەزاییەکی توندو

تیژی لـەلای خـەڵك دروست كردبـوو، نموونـەی ئـەو عەشـیرەتانەی پاڵپشتی شازادەیان كـرد (بـەگزادە، كەلهوڕ، زەنگە و موكری)[٨٨].

هەروەها لێـرەدا پێویـستە ئامـاژەش بـۆ ڕووداوێكـی گرنگـی تـر بكرێـت كـە كاریگـەرێتی خـۆی لەسەر باسەكەمان هەیە، ئەو ڕووداوەش دابەزینی هێزە سەربازییەكانی ڕووسیای تزاریو داگیركردنیـان بۆ ناوچەكانی ئازەربایجانی ئێران و باكوری كوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، ئەمەش بـووە هـۆی دەركـەوتنی دیاردەیەكی خەتەرناك لە ناوچەكە كە ململانێی ڕاستـەوخۆو ناڕاسـتەوخۆی نێـوان هـەردوو دەوڵـەتی ڕووسیای تزاریو عوسمانی بوو بۆ بەدەست هێنانی نفوزی ئابوریو سەربازیو چەسپاندنی دەسەڵات لە ناوچەكەدا، دواتر لە ساڵی ١٩١١ز دا ڕووسیا بە شێوەیەكی كاتی ململانێكـەی یـەكالا كـردەوەو هێزەكـانی خۆی لـە ناوچـەكەدا جـێگیر كـردوو هێزەكـانی عوسمـانی ناچـار كـرد دەست لـە ناوچـە داگیركراوەكـان بەردەن و بەرەو سنوور بكشێنەوە[٨٩]، دوای ئەم ئۆپەراسیۆنەش دەرگا بۆ ڕووسیا والا بوو تا بە ئارەزوی خۆی بكەوێتە وێزەی مەشرووتەخوازان و دەست بكات بە ڕاودوونانی نیشتیمان پەروەران.

بـەم چەشـنە كوردسـتان لـە سـاڵەكانی بزاڤـی مەشـرووتەخوازیدا (١٩٠٥-١٩١١) ببـووە مەیـدانی تـــەراتێن و چـــاوتێبڕین و ململانێیـــەكی ســـەختی نێـــوان هێـــزو لایەنـــە نـــاوخۆییو هـــەرێمیو نێودەوڵەتیەكان، هەریەك لەمانە هەوڵی چەسپاندنی نفـوزو دەسـەڵات و جـێگیر كردنـی بەرژەوەندییـە جیاوازەكانی خـۆی تیـادا دەدا، هـەر لەبەرئـەوەش لـەو دەمـەدا هەنـدێك ناوچـەی كوردسـتان بەتـەواوی لەژێر كۆنـترۆڵ و دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندیـدا نـەمابوو، ئـەو حكومەتـەی نەیـدەتوانی نـە بەرامبـەر هێزە دەرەكیەكان ڕابوەستێت و سەرەڕۆیی وولات بپارێزرێت و نە كارێكی ئەوتۆش بكات ڕەوشی ئاڵۆزی ناوخۆی وولات چارەسەر بكات هەربۆیە لە جاران خراپتری لێ هات، ئەمەو لە لایـەكی تـرەوە تێپـەڕینی ئەم ڕووداوانەو زیاتر بوونی چەوسانەوەی نەتەوەییو مەزهەبی گەلی كورد كاریگەری كردە سەر بـەرەو پێـشەوە چـوونی هۆشـی سیاسـیو نەتـەوەیی لـەلای خـەڵكی كوردسـتان، هـەر بۆیـە ڕەوتـی بزاڤـی ڕزگـاریخوازی گـەلی كـورد لـە ئێـران بـەرەو ئاشـكارترو گەشـاوەتر دەچـوو، هـەروەك لـەو نامەیـەدا دەردەكەوێت كە پێشتر باسمان لێوە كرد، كە دەڵێت: "... حكومەتی ئێرانی هێزەكانی خۆی ناردووەتـە سەر خەڵكی كوردستان، ئەم هێزانە كەوتوونەتە كوشتاری دانیـشتوان بـێ جیـاوازی لـەنێوان نێـرو مـێ یاخود لەنێوان پـیرو گـەنج دا، هـەروەها دەسـتیان داوەتـە تـالانیو دەست درێـژی كردنـە سـەر نامـوسی خـەڵكی، هەربۆیـە دانیـشتوانی كوردسـتان تكاكـارە لێتـان بەرامبـەریان سـۆزداربن و داواش لـە هـەموو دەوڵەتە مەزنە پەیوەندیدارەكان دەكات كە هەریەك لەلایەن خۆیەوە نوێنەرێك بنێرێتە كوردسـتان تـا لە ڕاستیەكان بكۆڵنەوەو لەمەڕ ڕەوشی ئاڵۆزی ناوچەكەو چەوسانەوەی بێ سنووری خەڵكەكەی ئاگـادار بن، داواتان لێ دەكـەین كـە سـنورێك بـۆ چەوسـاندنەوەمان دابنـرێت، ئەمـەش تـەنیا لـە ڕێگـەی دانـانی چوارچـێوەیەك یـاخود كیانێـك دەبێـت تـا بتـوانین ئێمـەش وەك میللـەتانی تـر بـە سـەربەخۆییو سەربەستی تیایدا ژیان بەرینە سەر ... [٩٠].

# دەرئەنجام:

لە کۆتایی ئەم گەشتە بە ناو سەرچاوە مێژووییە جیاوازەکانی بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانیداو دوای نمایش کردنی ئەو زانیاریو بەلگە مێژووییانەی ڕۆڵی گەلی کورد لە بزاڤەکەدا بەدیار دەخەن و خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی دژی حکومەتی شاهەنشاهی قاجاری نیشان دەدەن، دەتوانین بە کورتی سەرنجەکانمان بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە بەرچاو:

١. بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانی (١٩٠٥-١٩١١ ز) بزاڤێکی جەماوەری بوو بەجۆرێك هەموو چین و توێژە ستەمدیدەو بەرژەوەندی لێدراوەکانی گەلانی ئێرانی تێدا بەشدار بوون، ئەم بزاڤە بە هەوڵ و تێکۆشانی سەرجەم گەلانی ئێرانی ئامانجی سەرەکی خۆی لە دانانی دەستوورو بە دیهێنانی حکومەتی پەرلەمانیو بەستنەوەی دەسەلاتی ڕەهای شاکانی قاجاری بەدیهێنا، بە واتایەکی دی سەروەری بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزاڤی مەشرووتەخوازی بۆ گەلێك یان نەتەوەیەك یاخود تاکە گروپێکی ئیثنیو مەزهەبی یا ناوچەو شارێکی دیاریکراو لە ئێران دا ناگەڕێتەوەو هیچ کەس و توێژو چین و نەتەوەو گروپێك بە تەنیا مافی قۆرخ کردنی ئەم سەروەرییەی نییەو نابێت، لە گەڵ ئەوەش ئەوەمان لەبەر چاوەو دڵنیاین لێی کە قورسایی ڕووداوەکانی ئەم بزاڤە لە ناوەندو باکورو باکوری رۆژئاوای (واتە کوردستان) ئێران دا بوو بە پلەی جیاواز.

٢. گەلی کورد لە ئێران دا لە سایەی حکومەتی قاجاریدا لە ژێر زوڵم و زۆرو چەوسانەوەی نەتەوەییو ئابووریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیریو چینایەتیو مەزهەبیدا بوو، هەر بۆیە زۆر بوێرانە چ لە پێش سالانی مەشرووتەخوازیو چ لە ساڵەکانی بزاڤەکەدا لە سەنگەری پێشەوەی خەبات و تێکۆشان دا دژی دەسەلاتداران و حکومەتی شاهەنشاهی قاجاری قوربانی دەدا، بە واتایەکی تر خەباتی رزگاری نەتەوەیی دیموکراتخوازی گەلی کورد سەرچاوەو هاندەری بەشداریکردنی رۆڵەکانی بووە لە خەباتدا لە سەنگەری بزاڤی دیموکراتخوازانەی ئێرانیدا کە لەوکاتەدا خۆی لە بەرەی مەشرووتی خوازیدا دەبینییەوە، ناکرێت و راستیش نیە بە هیچ جۆرێك و بە هیچ بیانوویەك نکوڵی لە رۆڵی قارەمانانەی رۆڵەکانی گەلی کورد بکرێت ولاپەڕەی پڕشنگداری بەشداریکردنیان لەو بزاڤە دیموکراتخوازییە سەرتاسەرییەی ئێران پەردە پۆش بکرێت، چونکە وەك بینرا بەلگە مێژووییەکان نەك هەر گەواهی ئەو

بەشـداریکردنە دەدەن بـەڵکو ئـەوەش دەسـەلمێنن کـە کوردسـتان بنکەیـەکی قـایم وخۆڕاگری بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانی بوو.

٣. بزاڤـی مەشـرووتەخوازی ئێرانـی لـە بـارەی چـاککردنی بـاری ئـاڵۆزی ئـابووری وڵات وگەنـدەڵی ئیـداریو فەسـادی سیاسـی حکومـەت نـە هـیچ هـەنگاوێکی نـاو نـە هـیچ دەستکەوتێکیشی بەدەست هێنـا، ئـەوەش زنجیرەیـەك هۆکاری نـاوەکیو دەرەکـی خـۆی هەبوو بـە تایبـەتی لاوازی ستراکچەری ئـابووریو کۆمەڵایـەتی کـە زەمینەیـەکی تـەواو گونجـاو بـۆ کـارێکی شۆڕشـگێڕانە بخوڵقێنێـت، دواتـر دەسـتتێوەردانی دەوڵەتـە بێگانـە سـەرمایەدارەکان و و تیـژبوونی نـاکۆکیو ململانێـەکانیان لـە ئێرانـدا لـەم قۆناغـە مێژووییەدا کە زۆر نێگەتیڤانە کاریگەرێتی لە سەر چارەنووسی بزاڤەکە جێهێشت.

٤. رابـەرانی بزاڤـی مەشـرووتە چ لـە سـەرەتای قۆنـاغی خـەباتیان و چ دوای سـەپاندنی دەستوورو پێك هێنانی حکومەتی پەرلەمانیو دامەزراندنی ئەنجوومەنی هەڵبـژێردراو هـیچ پـیلان وپرۆگرامێکیـان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی چەوساندنەوەی نەتـەوەییو مەزهەبی لە ئێران دا بەدەستەوە نە بوو، هەر بۆیە بەدیهێنانی حکومـەتی دەسـتووری هیچ دەستکەوتێکی پۆزەتیڤی بۆ گەلی کورد لە ئێران بەدینەهێناو هیچ حیـسابێکی بـۆ ناسۆرو ئازارەکـانی نـەکردو نـەك هـەر چەوسـاندنەوەو سـتەمی نەتـەوەییو مەزهـەبی لەسەر لانەبردن بەڵکو دۆخی ژیانی رۆژ بە رۆژ نالەبارترو خراپتر لێ کرد.

٥. بارودۆخی ساسی ناوچەکەو ململانێ لە سەری ئاستەنگێکی جیددییان دروست کـرد لـە بـەردەم شـێوازو قـەبارەی بەشـداریکردنی گـەلی کـورد لـە بزاڤـی مەشـرووتەخوازیدا، چـونکە سـەرباری ململانێـی خوێنـاوی نـاوخۆی نێـوان مەشـرووتەخوازان وحکومـەتی ئیـستبدادی قاجـاری چـەندەها کێـشەی سـەخت و ململانێـی توندوتیـژی هـەرێمیو نێدەوڵـەتی لـە ناوچـەکەدا هـەبووە وەك ململانێـی (روسـی – عوسمـانی، عوسمـانی – ئێرانی، ئێرانی – روسی، روسی – بەریتانیو بەریتانی – ئێرانی) ئەم حاڵەتەش بـووە هۆی ئەوەی کوردستان لە ساڵانی بزاڤـی مەشـرووتەخوازیدا ببێتـە مەیـدانی تـەراتێنی ئەم لایەنانەو بۆ چەندەها جار تووشی هێرش و داگیرکردنی سەربازی دەرەکی بێت کە بووە سەرچاوەی ماڵوێرانیو لەرۆچوونی سامانی مرۆییو مادییو لاواز بـوونی هێـزی ئـابووریو کۆمەڵایـەتی کـە رێگـری ئـەوە بـوو بەشـداریکردنی گـەلی کـورد لـە ئاسـتی چاوەڕوانکراوو ڕق وکینەی گـەلی کوردسـتان بێـت دژی حکومـەت و رژێمـی ئیـستبدادی شاهەنشاهی.

٦. هەر چۆنێك بێت بە شداریکردنی گەلی کورد لە بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێرانیداو ئەو شێوازو هۆکارە هاندەرانەی پێی بەدیهات بە ئاوێتە بوونی لە گەڵ داواکارییە نەتەوەیی‌و تایبەتییەکانی گەلی کورد بەلگەی تەواومان دەربارەی سروشتی دیموکراتی‌و پێشکەوتووخوازانەی بزاڤی رزگاری نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران دەداتە دەست، لەوەش زیاتر رووداوەکانی سالآنی بزاڤی مەشرووتەخوازی هاندەری سەرەتای دەرکەوتن و گەشەسەندنی هۆشی سیاسی‌و نەتەوەیی بوو لای خەلکی کوردستان، دواتریش قوولبوونەوەی ئەو کێشەیەی کە لە ئێراندا بە (کێشەی کورد) دەناسرێت.

# سەرچاوەکان:


١. لمبتون، أ . ك . س، ايران عصر قاجار، ترجمەء: سيمين فصيحى، چاپ أول، انشارات جاودان، مشهد، ١٣٧٥ش، ص ٤٠٩.

٢. بۆ زياتر: بامداد. مهدى، شرح حال رجال ايران، جلد أول، تهران، ١٣٤٧ش؛ جنايات دوهزارو پانصد ساله شاهان ايران، انتشارات ماهنامه راه اتحاد، شهريور، ١٣٥٠ش.

٣. أحمد. ابراهيم خليل (دكتور)و مراد. خليل على (دكتور)، ايران و تركيا دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر، وزارة التعليم العالى والبحث العلمي، جامعة الموصل، ١٩٩٢، ص ٨٠.

٤. خالفين ن. أ، الصراع على كوردستان. المسألة الكردية في العلاقات الدولية خلال القرن التاسع عشر، ترجمة: الدكتور احمد عثمان ابو بكر، بغداد، ١٩٦٩، ص١٧.

٥. ضيايي. شيخ رئوف، يادداشتهايي ازكردستان. شيخ رئوف ضيايى از وقايع حضور روسيةو بريتانياو عثمانى وآشوبهاى محلى، به كوشش عمر فاروقى، مركز نشرو فرهنگ ادبيات كردى، انتشارات صلاح الدين ايوبى، چاپ نخست، ١٣٦٧ش، ص١٧-١٨.

٦. وەرگيراوە لە: لازاريف . م . س، كێشەى كورد (١٨٧٨-١٩١٧)، وەرگێڕانى: د. كاوس قەفتان، بەشى يەكەم، بغداد ١٩٨٩ ،ل٦٨.

٧. هەمان سەرچاوە، ل٦٨.

٨. خالفين، سەرچاوەى پێشين، ل١٧.

٩. پاولويچ. م، سى مقاله درباره‌ء انقلاب مشروطه ايران، ترجمه: م. هوشيار، ص٢٣.

١٠. هەمەدانى. على اضغر شەميمى، جوغرافياى كوردستانى ئێران، وەرگێڕانى: عبدالرحمن محمد أمين زەبيحى، بەغدا، ١٩٨٥،ص٢٥.

١١. بۆ زياتر: سردشتى. ياسين خالد، موجز عن الواقع الاقتصادى والاجتماعى لشرق كردستان في بدايه القرن العشرين، ڤژين – مجله، العدد ٦-٨، زڤستان/ بهار ١٩٩٧، ص ١٢٤-١٣٧.

١٢. وەرگيراوە لە : خالفين، سەرچاوەى پێشين، ل١٩.

١٣. احمد/ ابراهيم خليل و ...، سەرچاوەى پێشين، ل٨٢.

١٤. Gavan. S.S, Kurdistan. Divided Nation of Middle East, London, 1958. P4

١٥. بۆ زياتر: ابو مغلى وصفى (دكتور)، ايران. دراسة عامة، منشورات مركز دراسات الخليج العربي/ جامعة البصرة، شعبة الدراسات الفارسية، ١٩٨٥" احمد كمال مظهر (دكتور)، من تاريخ الحروب الايرانية – الروسية، مركز البحزث والمعلومات، بغداد، ١٩٨٤.

١٦. جنايات دوهزار ...، سەرچاوەى پێشين، ل ٧٤.

١٧. احمد. ابراهيم خليل ...، سەرچاوەى پێشين، ل ٦٩-٧٠.

١٨.

١٩. لازاريف، سەرچاوەى پێشين، ل٧٩.

٢٠. العمر. جهاد صالح والجواري. اسعد محمد زيدان، ايران في عهد رضا شاه بهلوي/ مركز الدراسات الايرانية، ١٩٩٠،ص٨-٩.

٢١. بۆ زیاتر: H. Nazem, Russia and Great Britin in Iran (1900-1941),Tehran,1975; هەروەها : ايوانوف.م. س، انقلاب مشروطة ايران، ترجمة: كاظم انصارى، تهران، انتشارات بابك، شمارة ١، مرداد ، ١٣٥٤ش.

٢٢. احمد. ابراهیم خلیل ...، سەرچاوەی پێشین. ل ٨٣-٨٥.

٢٣. پاولویچ، سەرچاوەی پێشین، ل٥٦.

٢٤. بۆ زیاتر: کرمانی. ناظم الاسلام، تاریخ بیداری ایرانیان، چاپ دوم تهران، ١٣٥٤ ش.

٢٥. لمبتون، سەرچاوەی پێشین. ل ٢٦٥.

٢٦. پاولویچ، سەرچاوەی پێشین، ل٥٦.

٢٧. هەمان سەرچاوە، ل٥٧.

٢٨. وەرگیراوە لە: شمزینی. عزیز (دکتۆر)، الحركة التحررية الوطنية للشعب الكردي، الطبعة الأولى، کردستان، ١٩٨٦، ص ٦٥.

٢٩. هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

٣٠. هەمان سەرچاوە،ل٦٥.

٣١. قاسملو. عبدالرحمن، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ١٣٦٧ش.

٣٢. وەرگیراوە لە: احمد کمال مظهر (دکتور)، دراسات في تأريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد، ١٩٨٥، ص٢٣٦.

٣٣. المدرس، ملا عبدالکریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، بغداد، ١٩٨٣، ل٨١-٨٢.

٣٤. بۆ زیاتر: امین. صالح محمد، کوردو عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی یەکەم، ١٩٩٢.

٣٥. بۆ زیاتر: جلیل، جلیلی، راپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان بەغداد، ١٩٨٧.

٣٦. لازاريف وآخرون، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ترجمە: د. عبدی حاجی، الطبعة الاولى دار الرازي، بيروت، ١٩٩٢، ل٣٥.

٣٧. هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

٣٨. سنندجی. میرزا شکر الله، تحفه ناصری، مقابله و تصحیح أز. د. حشمت الله طبيبي، چاپ أول، انتشارات کبیر، تهران، ١٣٦٦ش، ص٥٣١.

٣٩. خالفین، سەرچاوەی پێشین، ل١٤٨.

٤٠. بۆ زیاتر: کسروی، احمد، تأریخ مشروطة ایران، چاپ چهارم، مؤسسة مطبوعات أمیر کبیر، تهران؛ ایوانوف، سەرچاوەی پێشین؛ لمبتون، سەرچاوەی پێشین.

٤١. مؤمنی، حمید (فدایی شهید)، درباره مبارزات کردستان، چاپ دوم، انتشارات شباهنگ، بهار ١٣٥٨ش، ل٢٥.

٤٢. هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

٤٣. الموصلي. منذر، عرب وأكراد، رؤية عربية للقضية الكردية، الطبعة الاولى، بيروت ١٩٨٦، ص٥٠٥.

٤٤. ئەحمەد: كەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، بەغدا١٩٨٥، ل٢٣٠.

٤٥. جەلیل. جەلیلی، كوردەكانی‌ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی: د. كاوس قەفتان، بغداد، ١٩٧٣، ل٧٧.

٤٦. قاسملو، عبدالرحمن، كوردستان و كورد، لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی ئابووریيە، وەرگێڕانی: عبدالله حسن زادە، ١٩٧٣، ل١٢٧.

٤٧. كرزن. جرج. ن، ایران وقضیة ایران، ترجمه: غ. وحید المازندرانی، جلد أول، چاپ دوم، تهران، مركز انتشارات علمیو فرهنگی، ١٣٦٢ش، ل٦٩٣.

٤٨. لازاریف، سەرچاوەی پێشین، بەشی دووەم. ل٥١٠.

٤٩. وەرگیراوە لە: پاولویچ، سەرچاوەی پێشین، ل٣٦.

٥٠. هەمان سەرچاوە، ل٣٦-٣٧.

٥١. لمبتون، سەرچاوەی پێشین، ل٤١٠-٤١١.

٥٢. مەلا بەختیار. حیكمەت محەمەد كریم، شۆڕشی كوردستان و گۆڕانكاریەكانی سەردەم خەباتی شاخەكان یان راپەڕینی شارەكان،چاپی سێهەم، هەولێر، ١٩٩٤، ل٢٣٨-٢٣٩.

٥٣. ابوبكر: احمد عثمان (دكتور)، حركة التحرر الوطني للشعب الكردي (١٩٠٠–١٩٢٥). بحث سياسي واقتصادي، أطروحة دكتورا مترجمة، اكاديمية العلوم السوفيتيه- موسكو، ١٩٦٥، منشورة بحلقات في جريدة التآخي، ٢٨ تشرين الثاني، ١٩٧٠.

٥٤. مینورسكی. ف. ن، الاكراد، ملاحظات وانطباعات، ترجمه و قدم له: د. معروف خزندار، بغداد، ١٩٦٨، ص٦٥.

٥٥. Arfa. Hassan, the Kurdis. An historical study. London, 1965, P50.

٥٦. قاسملو،كوردستان...، ل٥١.

٥٧. جليل. جليلی وآخرون، سەرچاوەی پێشین، لازاریف، الفصل الثاني: نضال الأكراد التحرري في عصر تشكل الامبريالية، ص٥٨.

٥٨. هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

٥٩. شمزینی، سەرچاوەی پێشین، ل ٦٦.

٦٠. الطالباني. جلال، كردستان والحركة القومية الكردية، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٧٠، ص٥٠.

٦١. قاسملو، سەرچاوەی پێشین، ل٥١؛ أحمد، كمال، دراسات...، ل٢٤١.

٦٢. لازاریف، كێشەی كورد، بەشی یەكەم، ل٢١٩؛ ضیایی، سەرچاوەی پێشین، ل٢١.

٦٣. پاولویچ، سەرچاوەی پێشین، ل٦٠.

٦٤. لازاريف، نضال الأكراد...، ل٥٩.

٦٥. هەمان سەرچاوە، ل٦٠.

٦٦. بۆ زیاتر، گارثویت، پرۆفسۆر جن. راف، تاریخ سیاسی و اجتماعی بختیاری، ترجمە: مهراب امیری، چاپ أول، نشر سهند،تهران، ١٣٧٣ش.
٦٧. پاولویچ، سەرچاوەی پێشین، ل٧١.
٦٨. هەمان سەرچاوە، ل٧١.
٦٩. هەمان سەرچاوە، ل٧٢؛ گارثویت، سەرچاوەی پێشین، ل١٧٢.
٧٠. پاولویچ، هەمان سەرچاوە، ل٦٢، گارثویت، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٧.
٧١. بۆ زیاتر: گارثویت، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٧-٢٦٣.
٧٢. مؤمنی، سەرچاوەی پێشین، ل٦٨.
٧٣. بۆ زیاتر: مؤمنی. باقر، آخرین مجاهد، لێکۆڵینەوەیەکە لە بەرگێکدا بەناوی (مقالها) بڵاوکراوەتەوەو شوێن و مێژووی لەسەر نەنووسراوە.
٧٤. وەرگیراوە لە: کسروی. أحمد، تأریخ هیجده ساله آذربایجان، چاپ هشتم، انتشارات امیر الکبیر، ١٣٦ش، ص٥٣٦-٥٣٧.
٧٥. هەمان سەرچاوە، ل٥٣١.
٧٦. اردڵانی. اسماعیل (دکتور)، ایران از نظر یك دانشمند کرد، کوهستان، سال دوم. شماره ٨٢، ٢٨ بهمن ١٣٢٥ش.
٧٧. هەمان سەرچاوە.
٧٨. لازاریف، نضال الاکراد، ل٥٩.
٧٩. مؤمنی. حمید، سەرچاوەی پێشین، ل٢٣.
٨٠. ضیایی، سەرچاوەی پێشین، ل٣٢.
٨١. احمد. ابراهیم خلیل...، سەرچاوەی پێشین، ل١٠٣.
٨٢. لازاریف، نضال...، ل٧٣.
٨٣. امین، سەرچاوەی پێشین، ل٣٢٥.
٨٤. ضیایی. سەرچاوەی پێشین، ل٢٤.
٨٥. بۆ بینینی دەقی رێکەتننامەکە بە زمانی کوردی بڕوانە: امین. نەوشیراون مستەفا، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا. بەرلین، ١٩٩٨، ل٢٥٨ - ٢٦٠.
٨٦. لازاریف. کێشەی کورد، ل٢٠٧.
٨٧. بڕوانە دەقە فارسی‌یەکەی کە لەلایەن بەڕێز (انوەر محمد قادر)ەوە لە گۆڤاری مطالعات کردی، شمارە ١، دی ١٣٦٢ش، ص٩٩دا بڵاوکراوەتەوە.
٨٨. احمد. کمال، دراسات...، ل٢٤٢-٢٤٣.
٨٩. بۆ زیاتر: لازاریف، کێشەی کورد، بەرگی دووەم.
٩٠. مطالعات کردی، هەمان ژمارە، ل٩٩.

## كورتەی لێكۆڵینەوەكە بەزمانی كوردی :-

بزاڤی مەشرووتە خوازی ئێرانی لە چوار چێوەكاتییەكەیدا ( ١٩٠٩ – ١٩١١ ز )بەرووداوێكی دیارو گرنگ دادەنرێت لە مێژووی ئێرانی نوێ بەگشتیو لە مێژووی بزاڤی ڕزگاری دیموكراتخوازانەی نیشتمانی ئێرانی بە تایبەتی ، ئەم بزاڤە جەماوەرییە هەموو چین و توێژە كۆمەڵایەتی یەكانی گەلانی ژێر حوكمی قاجاری بەشدارییان تێدا كردوو بۆ ئامانجێك تێدەكۆشان كە خۆی لە كۆتایی هێنان بە زوڵم و زۆرو حوكمی كەڵەگایی بنەماڵە قاجار و كاربەدەستانی دەوڵەت ، هەروەها پیادەكردنی چاكسازی لە بوارەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی لە وڵات دا دەبینییەوە ، ئەویش لە ڕێگای گۆڕینی ڕژێمی حوكمی ئێرانی لە حوكمێكی پاشایەتی ئیسلامی كلاسیكی پاشماوەی سەدەكانی ناوەڕاست بۆ پاشایەتی دەستووری كە لە ڕووخساردا وەرگیراوی حكومەتە پەرلەمانییەكانی ئەوروپایی ڕۆژئاوا بێت ، هەر وەك دەردەكەوێت گەلی كورد لەئێران ڕۆڵی خۆی لەم بزاڤە یاری كردووەو گەلێك لە ڕۆڵەكانی لە ریزی مەشرووتە خوازان دا بەشداری یان كردووە وە لە پێناوی نەهێشتنی زۆرداری و كەڵەگایی و كۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی و چینایەتی سەرشانیان قوربانیان داوە ، ئەم بەشداری كردنەی گەلی كورد بەو شێوازو هۆكارە هاندەرانەی پێی هاتە دی بە ئاوێتەبوونی بەداواكاریيە نەتەوەیی و تایبەتییەكانی گەلی كورد بەڵگەی تەواو بوون بۆ دەرخستنی سروشتی دیموكراتحوازانەو پێشكەوتووخوازانەی بزاڤی ڕزگاری نەتەوەیی گەلی كوردو ڕەوایی كێشەی كورد لە ئێران .

## ملخص البحث باللغة العربية :-

تعتبر الحركة المشروطية الإيرانية في إطارها الزمني ( ١٩٠٥ – ١٩١١ م ) من الأحداث البارزة والمهمة في تأريخ إيران الحديث بالشكل عام وتأريخ الحركة التحررية الديموقراطية الوطنية الإيرانية بشكل خاص ، إذ كانت حركة جماهيرية اشتركت فيها جميع الطبقات ومختلف الفئات الإجتماعية من الشعوب الخاضعة للحكم القاجارى في إيران ، يجمعها هدف القضاء على الظلم والأستبداد واصلاح الأوضاع الاقتصادية والاجتماعية المتدهورة عن الطريق تغير نظام الحكم الإيراني من ملكية إسلامية عصور وسطوية ذات إدارة كلاسيكية الى ملكية دستورية ذات مظاهر خارجية مقتبسة من الحكومات النيابية في اوروبا الغربية ، والجدير بالذكر ان الشعب الكوردي في إيران قد لعب دورا واضحا في هذه الحركة وان كثيرا من أبنائه ناضلوا وقاتلوا في صفوف هذه الحركة لأجل القضاء على الاستبداد ولرفع الاضطهاد القومي والمذهبي والطبقي المفروض على كاهلهم ، إن هذه المشاركة والدوافع والطرق التي تحققت بها بامتزاجها بالمطاليب القومية المحلية الكوردية العامة والخاصة تقيم الدليل البليغ على الخواص الديمقراطية التقدمية للحركة القومية الكوردية وعدالة القضية الكردية في إيران .

## *ABSTRACT*

The Iranian administrative ( AL – Mashrutya ) movement is considered , during it is temporal scope ( 1905 – 1911 ) , to be one of the most prominent and important events in the whole recent history of Iran , in general , and the history of the Iranian democratic liberating movement , in particular . in that it was amassive movement in which all ranks and varions social classen of the submitted peoples , to the rule of AL – Qajjari , took place as working on a common ground , those peoples aimed at eradicating the oppression and despotism they suffered from , and rendering the bad economical and social conditions , by means of changing the Iranian regime rule from an Islamic royal nature with classical administration coluoured by a middle age flavor Intl an administrative royal that has external characteristica derived from parliamentary movements in the west Europe. In this movement the Kurdish people in Iran played an obvious role , and most of the men had straggled and fought within this movement , to the extent that they had sacrificed their soul and other valuable things for their sake of eradicating despotism , as well as , lifting national , sects and class oppression imposed on their shoulders along , this participation together with its motives , and methods mixed with the Kurdish public national demands , with vory clear of the Kurds issue and the Kurdish national liberating movement in Iran .